# ڕۆڵ و ئامانجی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەنێودەوڵەتیکردنی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە
# the role and aim of iran in the internationalization of Halabja Chemical) Attack

ئەرکان ئەحمەد حەسەن
ئامادەیی احمد موختار جاف/ بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە
ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ
Arkan Ahmed Hassan
Ahmad Mukhtar High School/General Directorate of Education in Halabja
MA in History
Arkan82.halabja@epu.edu.krd
Arkan82.halabja@gmail.com

م. ی. فاروق محەمەد محەمەدئەمین
بەشی مێژو/ کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی, سیدصادق
Faruq Mohammed M. Amin
Department Of History/College Of Humanities Education
University of Sulaimani
Faruq.Mohammed@univsul.edu.iq

**پوختە:**

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو وڵاتە ڕووبەڕوی چەندین کێشەی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی دەبێتەوە. لەهەمان کاتیشدا شۆڕشی ئیسلامی ئێران و حکومەتی نوێی ئەو وڵاتە، کاریگەری دیاری دەبێت لەسەر پەرەگرتنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەباشوری کوردستان.

دوای تیکچوونی پەیوەندیەکانی نێوانیان و هەڵگیرسانی جەنگی ئێران – عێراق (١٩٨٠ – ١٩٨٨)، کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵی ئەوەی دەدات کە پارت و کەسایەتیە سیاسیەکانی نەیاری حکومەتی بەعسی عێراق لە خۆی نزیك بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە بوو بەهەموو شێوەیەك هاوکاری ئەو لایەنانە بکات و بۆ بەرژەوەندی دیاریکراوی خۆی سودیان لێوەربگرێت.

پارتە کوردییەکانی باشوری کوردستانیش یەکێك لەو لایەنانە دەبن کە بەردەوام چاوی ئێرانیان لەسەر دەبێت و هەوڵی ئەوەیداوە کە بەلای خۆیدا ڕایانکێشێت. ئەم هەوڵەی ئێرانیش بەئەنجامی خۆی دەگات، دوای ئەوەی کە لە دوای نیوەی یەکەمی جەنگدا، هەوڵدەدات بەرەکانی جەنگ لە ناوچەکانی باشوری عێراقەوە بگوازێتەوە بۆ ناوچەکانی باکوری عێراق (باشوری کوردستان).

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرباری ویستی پارتەکوردیەکانی باشوری کوردستان بۆ پێکهاتن و ئاشتەوایی، ئێرانیش لای خۆیەوە هەوڵی بەردەوام دەدات بۆ کۆتایی هینان بە ناکۆکی نێوانیان. لەم کارەشیدا سەرکەوتوو دەبێت دوای ئەوەی کە لەژێر چاودێری خۆی و لەشاری تاران ڕێکەوتننامەی

ئاشتی لە نێوان نوێنەرانی یەکێتی و پارتی لە تشرینی دووەمی ١٩٨٦دا لە واژۆ دەکرێت. دواتر ئێران هەوڵی ئەوە دەدات کە چالاکی هاوبەش لە نیوان هیزەکانی خۆی و هێزەکانی پێشمەرگە ئەنجام بدات، لە دیارترین ئەو ئەو چالاکیانەش وەك: هێرشی گرتنی شاری هەڵەبجە کە لای ئێرانیەکان بە (عملیات والفجر ١٠) ناسراوە. کە سەرەنجام بەپەرچەکرداری توندی حکومەتی عێراق ڕووبەڕوو دەبێتەوە هێرشی کیمیاوی دەکاتە سەر و نزیکەی پێنج هەزار کەس لە دانیشوانی شاری هەلەبجە شەهید دەکات.

دوای کیمیابارانکردنی شارەکە، حکومەتی ئێران هەوڵی زۆر دەدات کە ئەم کارەساتە بەتەواوی دونیا بگەیەنێت و بیکاتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی. بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژنامەنوسانی ئێرانی و بیانی بانگهێشتی هەڵەبجە دەکات. لەچەندین ڕیگەی جیاوازەوە سەرکەوتوو دەبێت لەوەی کە کارەساتی کیمیابارنی شاری هەڵەبجە بە تەواوی دونیا بگەیەنێت.

لەبەر گرنگی ئەو بابەتە ئەم توێژینەوەیەمان بەناونیشانی (ڕۆڵ و ئامانجی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەنێودەوڵەتیکردنی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە) ئەنجامدا، کە لە پێشەکی، دەروازە، دوو بەش و ئەنجام پێکدێت.

لە دەروازەدا بە پوختی باسمان لە (شۆڕشی ئیسلامی ئێران و جەنگی ئێران و عێراق ١٩٧٩ -١٩٨٠) کردووە. بەشی یەکەم بە ناونیشانی (گواستنەوەی بەرەکانی جەنگ بۆ ناوچە کوردیەکان و ڕۆڵی ئێران لە یەکخستنی هێزەکانی کورد دژی عێراق)، بەسەر دووباسدا دابەشکراوە. لە باسی یەکەمدا باسمان لە (گواستنەوەی بەرەکانی جەنگ لە باشوری عێراقەوە بۆ کوردستان) کردووە، باسی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ (ڕۆڵی ئێران لە یەکخستنی هێزە کوردیەکانی باشوری کوردستان دژی عێراق)

بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان تایبەتە بە (گرتنی شاری هەڵەبجە و کیمیابارانکردنی و ڕۆڵی ئێران لە بەنێودەوڵەتی کردنی کارەساتی هەڵەبجە). ئەمیش بەسەر سێ باسدا دابەشکراوە، باسی یەکەم تایبەت کراوە بە (هێرشی هاوبەشی ئێران و پێشمەرگە و گرتنی شاری هەڵەبجە)، لە باسی دووەمدا تیشك خراوەتە سەر ( پەرچەکرداری حکومەتی عێراق و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە)، هەرچی باسی سێیەمە تەرخانکراوە بۆ (ڕۆڵی ئێران و مەبەستی ئەو وڵاتە لە نێودەوڵەتیکردنی کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە)

لە کۆتایی توێژینەکەشدا ئەو ئەنجامانەی لە میانەی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین بەچەند خاڵێك خراوەتە ڕوو.

واژە کلیلیەکان:

عێراق، ئێران، جەنگ، هەڵەبجە، چەکی کیمیایی

## پێشەکی:

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو وڵاتە کاریگەری دیاری لەسەر پەرەگرتنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەباشوری کوردستان دەبێت.

دوای هەڵگیرسانی جەنگی ئێران – عێراق (١٩٨٠ – ١٩٨٨)، ئێران هەوڵی ئەوەی دەدا کە نەیارەکانی حکومەتی عێراق لە خۆی نزیك بکاتەوە و هاوکاریان بکات و بۆسودی خۆی بەکاریان بهێنێت.

هەربۆیە ئێران خۆی لە پارتەکانی باشور کوردستان نزیك دەکاتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی کە هەوڵدەدات بەرەکانی جەنگ لە ناوچەکانی باشورەوە بگوازێتەوە بۆ ناوچەکانی باکوری عێراق (باشوری کوردستان).

لەگەڵ ئەوەشدا لەهەوڵی یەکخستنی هێزە کوردیەکاندا دەبن و لەم کارەشیدا سەرکەوتوبوو دوای ئەوەی کە لەژێر چاودێری خۆیدا ڕێکەوتننامەی ئاشتی لە نێوان نوێنەرانی یەکێتی و پارتی لە تشرینی دووەمی ١٩٨٦دا لە تاران واژۆ دەکرێت. دواتر ئێران هەوڵی ئەوە دەدات کە چالاکی و هێزی هاوبەش لە نێوان هێزەکانی خۆی و هێزەکانی پێشمەرگە دروست بکات. کە لەئەنجامدا بەهۆی هێرشی هاوبەشیان بۆ سەر هەلەبجە، بەپەرچەکرداری توندی حکومەتی عێراق بەدوای خۆیدا دەهێنێت و شاری هەڵەبجە کیمیاباران دەکات و نزیکەی پێنج هەزار کەس لە دانیشوانی ئەو شارە شەهید دەکات.

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە لای خۆیەوە خوێنەر بە یەکێك لە کارەساتەکانی جەنگی نێوان ئێران و عێراق ئاشنادەکات و پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و هێزەکوردیەکانی باشوری کوردستان دەخاتە ڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بە هێرشی هاوبەشی ئێران و هێزەکانی پێشمەرگە بۆ سەر شاری هەڵەبجە وگرتنی ئەو شارە و لەپاشان کیمیارانکردنی و ڕۆڵ و ئامانجی ئێران لە بەنێودەوڵەتیکردنی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ڕون دەکاتەوە.

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە، ئایا کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆڵی هەبووە لە بەنێودەوڵەتیکردنی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە؟ ئایا مەبەستی ئێران لە بانگهێشتکردنی ڕۆژنامەنوسانی ئێرانی و بیانی بۆ شاری هەڵەبجە و بەنێودەوڵەتیکردنی ئەوکارەساتە چی بوو؟ ئایا بەنێودەوڵەتیکردنی ئەوکارەساتە، تەنها بۆ ئێران گرنگە، یان بۆ کوردیش هەمان گرنگی هەیە؟

گریمانەی توێژینەوەکە ئەوەیە کە ئێران هەوڵی تەواوی داوە بۆ ئەوەی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە بگەیەنێتە ناوەندە نێودەوڵەتیەکان. ئامانجی سەرەکی ئێران لە بەنێودەوڵەتیکردنی کیمیابارنکردنی شاری هەڵەبجە، سەرەڕای لایەنە مرۆییەکەی، بەکارهێنانی ئەوکەیسە بووە لە دژی حکومەتی بەعسی عێراق و ڕاکێشانی سۆزی نێودەوڵەتی بووە بەلای خۆیدا.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەی پەیرەوکراو لەم توێژینەوەیەدا مێژویی شیکاری دەبێت و تیایدا پشت دەبەسترێت بە بەڵگەنامە، سەرچاوەی کتێب، توێژینەوە، لێدوان، یاداشت، کارە ڕۆژنامەوانیەکان و چاوپێکەوتن، زانیاریەکان لەلایەن توێژەرانەوە وەردەگیرێت و شیکاری پێویستی بۆ دەکرێت. هەربۆیە لەم توێژینەوەدا هەوڵی ئەوەدراوە کە بە پشت بەستن بەو سەرچاوە جیاوازانە، ڕۆڵ و مەبەستی ئێران لە بەنێودەوڵەتی کردنی ئەم کارەساتە بخرێتە ڕوو.

لەکۆتاییدا ئومێد دەکەین کە ئەم توێژینەوە بتوانێت بەشێوەیەکی باش هۆکار و دەرهەنجامەکانی هێرشی هاوبەشی هێزەکانی ئێران و هێزە کوردیەکانی باشوری کوردستان ڕوون بکاتەوە. لەهەمان کاتیشدا بتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئایا کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆڵی هەبووە لە بەنێودەوڵەتیکردنی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە. هەروەها ئامانج و مەبەستی ئێرانیش بە شێوەیەکی ورد و زانستیانە بخاتە ڕوو.

## دەروازە: شۆڕشی ئیسلامی ئێران و جەنگی ئێران – عێراق.

لەدوادواییەکانی دەسەڵاتی محمد ڕەزاشا لە ئێراندا و زیاتر توندبوونی خۆپیشاندانەکان، باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران سەردانی شا دەکات و داوای لێدەکات کە ئێران بەجێبهێڵێت، بەوتەی فەرەحی هاوسەری شا، ئەمریکی و بەریتانیەکان داوایان لە شا کردووە کە حکومەت ڕادەستی بەختیار بکات و بڕوات، سەرەنجام شا دوای دانانی بەختیار بەسەرۆك وەزیران، لە ناوەڕاستی کانونی دووەمی ١٩٧٩ ئێران بەجێدەهێڵێت و خومەینی لە ١/ ٢/ ١٩٧٩ لەگەڵ ١٥٠ کەس لە پەیامنێرانی ئێرانی و بیانی بەفڕۆکەی ٧٤٧ی کۆمپانیای فڕۆکەوانی ئێر فرانسی فەرەنسی دەگەڕێتەوە ئێران و لە کاتژمێر ٣٠: ٩ ی بەیانی لە فڕۆکەخانەی میهرئابادی شاری تاران دەنیشێتەوە (حسن، ١٣٩٤، ١١٧). لە ١١ شوباتی ١٩٧٩ دا، دوای ڕاگەیاندنی بێلایەنی هێزە چەکدارەکان، سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران ڕادەگەیەنرێت (غفوری، ١٣٨٩، ٤٧٨).

دوا بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران, پەیوەندییەکانی نێوان عێراق‌و ئێران تێکدەچێت، ئێران لە سەرەتادا کاری لەسەر هەناردەکردنی شۆڕش بۆ عێراق‌و وڵاتانی کەنداو دەکرد، ئەمەش دەبێتە هۆی نیگەرانی ئەو وڵاتانە و هەوڵیان دەدا ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی ئەو شۆڕشە بگرن و لە سنوری خۆیدا بیوەستێنن(محەمەدئەمین، ٢٠١٤، ١٨٧).

سەرکردەو بەرپرسانی هەردوو وڵات لێدوان لەدژی یەکتری دەدەن، ئەوەش پەیوەندییەکانی نێوانیانی زیاتر بەرەو گرژی دەبات، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٠دا هەریەکەیان ئەوی دیکە بەتۆپبارانی خاکی وڵاتەکەی تۆمەتبار دەکات(ڕێباز، ٢٠٠٨، ٢٠٤).

دواجار لە ١٩٨٠/٩/١٧ سەدام حسێن لە وتارێکیدا لە کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجومەنی نیشتمانیدا، ڕێکەوتننامەی جەزائیر بە فەرمی هەڵدەوەشێنێتەوە و لە شاشەی تەلەفزیۆنو بە بەرچاوی جیهانەوە، وێنەیەکی ڕێکەوتننامەکە دەدڕێنێت و ڕایدەگەیەنێت کە عێراق بڕیاری داوە ناوچەکانی خۆی لە ڕێگەی هێزەوە بگێڕێتەوە (ئینتسار،٢٠٠٣ ، ١٧٢).

سەرەنجام لە ڕۆژی ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ جەنگی عێراق- ئێران هەڵدەگیرسێت، کاتێك (١٩٢) فڕۆکەی عێراقی هێرش دەکەنە سەر ئێرانو فڕۆکەخانەکانی ئەو وڵاتانە دەکەنە ئامانج، لە ڕۆژی دواتردا سوپای عێراق لە سێ بەرەوە بە درێژایی (٥٥٠) کیلۆمەتر لە سنوری نێوان هەردوو وڵات هێرشی زەمینی بۆ سەر خاکی ئێران دەستپێدەکات و بەقادسیەی سەدام ناودەنرێت (محەمەدئەمین، ٢٠١٤،١٩٢- ١٩٣). عێراق لای خۆیەوە دەیویست لە ماوەیەکی کەمدا گورزی کوشندە لە ئێران بدات، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئێران بەرگری لەخۆی دەکات(حاجی محمود، ١٩٩٩، ٣٦٩).

هەرچەندە جەنگی عێراق- ئێران چەندین هۆکاری هەیە، بەڵام پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کوردەوە هەبووە، هۆکاری سەرەکی مانەوەی دۆزی نەتەوەیی لە ناوچەکەو لەسەروو هەمووشیانەوە پرسی کورد بوو بە چارەسەرنەکراوی(جەمال نەبەز، ٢٠٠٨، ٨).لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو جەنگە کاریگەری گەورەو بەرچاوی لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان و ڕووداو و کارەساتەکانی باشوری کوردستان هەبووە.

## بەشی یەکەم:

## گواستنەوەی بەرەکانی جەنگ بۆ ناوچە کوردییەکان و ڕۆڵی ئێران لە یەکخستنی هێزەکانی کورد دژی عێراق:

### باسی یەکەم: گواستنەوەی بەرەکانی جەنگ لە باشورەوە بۆ کوردستان:

لەسەرەتادا، جەنگی عێراق و ئێران لە باشوری عێراق هەڵدەگیرسێت. لەنیوەی یەکەمی جەنگدا، چەندین پێکدادانی توند لە نێوان هەردو وڵاتدا ڕوودەدات. بەڵام لە ناوچەکانی باکور، کەمترین پێکدادان لەنێوانیاندا ڕوودەدات. لەهاوینی ساڵی ١٩٨٣، ئێران بەمەبەستی گرتنی شاری بەسرە و ڕوباری دیجلە، دەکەوێتە بیری سەرقاڵکردنی هێزەکانی عێراق لە باکور لەبەرئەوە دەکەوێتە بیری ئەنجامدانی چەند ئۆپەراسیۆنێك و بۆ ئەو مەبەستەش لە تەموزی ١٩٨٣ دا بەهاوکاری هیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (پدك)، هێرش دەکاتە سەر ناوچەی حاجی ئۆمەران و مەترسی دەخاتە سەر ناوچەکە و شاری ڕەواندوز ( نیروەیی، ٢٠١٠، بەرگی یەکەم، ١٣٨).

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، کردنەوەی بەرەیەکی نوێی جەنگ، دوادەکەویت بۆ نیوەی دووەمی جەنگ، ناوچەکانی باکور بۆ هێزە عێراقیەکان ئاسان نەبوو، لەبەرئەوە لەلایەکەوە گەلی کورد ناکۆکی توندی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەبوو، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی شاخاوی بوونی ناوچەکە، هێزە کوردیەکان بەئاسانی دەیانتوانی بەرپەرچی سوپای عێراق بدەنەوە (علایی، ١٣٩١، ج١، ٨٩). هەروەها نەیدەویست کە هێزێکی ٣٠٠ هەزار نەفەری بە درێژایی ١٦٠٠ کم لە نێوان سنوری عێراق و ئێران بڵاوە پێبکات، هەربۆیە ئامانجی تەواوی حکومەتی عێراق لەناوچەکانی باشور بوو، ئەویش کۆنترۆڵکردنی خورەمشەهر و ئەهواز و جیاکردنەوەی ناوچە عەرەب نشینەکانی ئێران لەو وڵاتە بوو (غفوری، ١٣٨٩، ٤٨٨).

بەڵام لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی نەگونجاوی ئاو وهەوای ناوچەکانی باشور بە هۆی گەرمای زۆر کە بۆ ئەنجامدانی چالاکی گونجاو نەبوو (اردستانی،١٣٩٠، ج٣، ٥٥). فەرماندەکانی ئێران دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە ئیدی ناتوانرێت لە بەرەکانی باشور چالاکی گونجاو و کاریگەر ئەنجام بدەن، هەربۆیە ڕوو لەبەرەکانی باکور دەکەن(علایی،١٣٩١، ج٢، ٣٣٦ ). لەهەمان کاتیشدا بە هۆی فەتوایەکی خومەینی لەسەرەتاکانی ١٩٨٤ کە داوا لە تەواوی گەلانی ئێران دەکات بەسوپای ملیۆنی بەرەوە بەرەکانی جەنگ بەڕیکەون، ئەمەش سەرەڕای زیابوونی هیز و سوپای ئێران، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی وورەی هێزەکانی ئەو وڵاتە (مکرم طالبانی،٢٠١٠، ج٢،٥١١).

لەهەمان کاتیشدا فەرماندە باڵاکانی سوپای پاسداران، باس لە هەمان گرنگی و ستراتیژی ناوچەکانی باکور وەك باشور دەکەن کە دەتوانن بگەن بە ناوچە نەوتیەکانی کەرکوك و کۆنترۆڵکردنی جادەکانی عێراق لە کوردستانی عێراق (اردستانی، ١٣٩٠، ج٣، ٣١٩). هاشمی ڕەفسنجانیش فەرماندەی گشتی جەنگ، جەخت لەوە دەکاتەوە کە فەرماندە باڵاکانی جەنگ، لەکۆتاییەکانی جەنگدا بیریان لەوە کردووەتەوە کە لە ناوچەکانی کوردستانی عێراقەوە بەرەو خاکی عێراق پێشڕەوی بکەن و مەترسی بۆسەر نەوتی کەرکوك دروست بکەن. بۆیە ئێران پەیوەندی دەکات بە هێزەکوردیەکانی کوردستانی باشور، بەتایبەت دوای دامەزراندنی قەرارگای ڕەمەزان، ئەم قەرارگایە ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت لە

بەهێزکردنی بەرەی باکور و پرچەککردنی هێزە کوردیەکانی باشوری کوردستان (حق پناه، ١٣٨٧، ١٥٢).

شیاوی باسە، قەرارگای رەمەزان بە ئامانجی جێبەجێکردنی چالاکی پارتیزانی، سودوەرگرتن لە توانای هێزە کوردیەکانی باشوری کوردستان، بەدەستهێنانی زانیاری تەواو لەسەر بارودۆخی باکوری عێراق، دانانی پلانی جەنگی دژی هێزە عێراقیەکان لە ناوچەکانی باکور و سەرەنجام ئامادەکاری بۆ کردنەوەی بەرەیەکی نوێی جەنگ لە ناوچەکانی کوردستانی عێراق، دامەزراوە (اردستانی، ١٣٩٠، ج٣، ٢٢٥؛ علایي، ١٣٩١، ج٢، ٦٩). لەو پێناوەشدا سەرکەوتوو دەبێت لەوەی کە دەتوانێت بەپشتیوانی و هاوکاریکردنی هەردوو حیزبی (پدك، ینك) هێزێکی تۆکمە و ڕاهێنراوی (پاسدار – پێشمەرگە) بە ناوی هێزی هاوبەش دروست بکات و دواتر چەندین ئۆپەڕاسیۆنی هاوبەش پێکەوە ئەنجام بدەن (علایي، ١٣٩١، ج٢، ٦٩).

لەڕاستیدا هەبوونی هێزەکوردیەکانی باشوری کوردستان، دڵگەرمییەکی تەواوی بۆ هێزەکانی ئێران دەبێت، هەرئەوەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە ئێران گرنگی ناوچەکانی باکوری عێراق بۆ ئەنجامدانی چالاکی سەربازی بۆ دەربکەوێت، بەتایبەت کە ئێران لە ناوچەکانی باشور بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن عێراقەوە، دوچاری زەرەر و زیانێکی زۆر بوبوویەوە (ڕێباز، ٢٠٠٨، ٣٧٩). لەبەرئەوە موحسینی ڕەزایی فەرماندەی ئەوکاتی سوپای پاسداران لەبارەی گواستنەوەی بەرەی جەنگ لە باشورەوە بۆ باکور باس لەوەدەکات کە هێزەکانی ئێران تەواوی هێزی خۆیان لەباشور تاقیکردبوویەوە و چەندین چالاکییان ئەنجام دابوو، لەبەرئەوە دەگەنە ئەو بڕوایەی کە ئیدی بەرەی باشور کۆتایی پێهاتووە، لەبەرئەوە دەگوازنەوە بۆ نێو بەرەی باکور(درودیان، ١٣٩٠، ج١٨٠،٤).

فەرماندەکانیش ئامانجی کردنەوەی ئەم بەرە نوێیە دەگێڕنەوە بۆ: "پاراستن و بەدەستەوەگرتنی گەرێکی نوێی لەئەنجامدانی چالاکی، کۆنترۆڵکردنی هەندێك بەرزایی کە ئەیانڕوانی بەسەر بارەگاکانی هێزەکانی عێراق، سەرلێشێواندنی هێزەکانی عێراق، پەرتەوازە و بڵاوەپێکردنی هێزەکانی عێراق لە باشور، بەدەستخستنی کات بۆ دوبارە خۆسازدانەوە و ئامادەکردنەوەی هێزەکانی ئێران، زەمینگیر و سەرقاڵکردنی بەشێك لە هێزەکانی عێراق لە ناوچەکانی کوردستانی عێراق و ڕێگری لە گواستنەوەیان بۆ بەرەکانی باشور و سەرکوتکردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران بەتایبەت لە ناوچەکوردیەکانی کوردستانی عێراق".(اردستانی، ١٣٩٠، ج٣، ٣١٥).

لای خۆشیەوە محمد درودیان لە یاداشتەکانیدا کردنەوەی بەرەی باکور بۆ چەند هۆکارێك دەگێڕێتەوە وەك: ١- پێویستی بەردەوامیدان بە جەنگ و ڕێگری لە ساردبوونەوەی بەرەکانی جەنگ. ٢- هێشتنەوەی هەڵمەت و ئۆپەراسیۆنی نوێ بەدەست هێزەکانی ئێرانەوە لەبەرامبەر هێزەکانی عێراق. ٣- کردنەوەی بەرەیەکی نوێی جەنگ بە مەبەستی پەرش و بڵاوکردنی هێزەکانی عێراق. ٤- کەمکردنەوەی هەستیاری عێراق لە بەرەکانی باشور. ٥- سەرقاڵکردن و سەرلێشێوانی هێزەکانی عێراق بەمەبەستی دوزینەوەی ڕێکارێکی نوێ بۆ بەرەکانی باشور لەلایەن ئێرانەوە (درودیان، ١٣٩٠، ج٤، ١٨٢).

هەربۆیە، دوای بڕیاری کردنەوەی بەرەیەکی نوێی جەنگ لە باکور، ئێران بەمەبەستی زیاتر ناسین و شارەزابوون لەناوچەکانی کوردستانی عێراق و ئامادەکردنی پلانی گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن، حەڤدە نەفەر لە فەرماندە و پسپۆڕانی ئێرانی بە هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە دێنە نێو خاکی عێراق و بەشێوەیەکی ورد سەردانی چەندین ناوچەی کوردستان دەکەن وەك: قەڵادزێ، بەنداوی دوکان، تەنگەی سورداش، تەنگەی سەدر، تەنگەی قیزلو، بەرزاییەکانی پیرە مەگرون، ئابسەنگەران، ئەزمەڕ، چەرماوەند، مۆکەبە، قەیوان، گوجار، وڵاغلۆ، دۆڵبەشك، ئامدین، بەنداوی دەربەندریخان، هەڵەبجە، ناوچەکانی سلێمانی، خورماڵ، بەرزاییەکانی بەمۆ، شاخی خشیك تا ناوچەی ئاق داغ (اردستانی، ١٣٩٠، ج٣، ٣١٧).

جگەلەوەی کە ئەمریکا لەباشور هاوکاری عێراق دەکرد و چەندین ناوچەی گرتبویەوە. بەڵام لە بەرەکانی باکور بە هۆی هێرشە بەردەوامەکانی پێشمەرگە و سەختی ناوچە شاخاویەکان، هێزە عێراقیەکان لە زۆرێك لەوناوچانە پاشەکشەیان پێکرابوو. لەبەرئەوە زەمینەی ئەنجامدانی هێرش بۆ هێزەکانی ئێران بەتەواوی فەراهەم هێنرابوو(انتصار، ١٣٩٠، ٢٦٧). بۆئەو مەبەستەش ئێران هەندێك لە هێزەکانی لەباشورەوە دەگوازێتەوە بۆ باکور بەتایبەت بۆ ناوچەی هەڵەبجە و ناوچەیەکی فراوان لە خاکی عێراق کۆنترۆڵ دەکات (السامرائی، ١٣٨٨، ١٢٨).

سەرەنجام بەپێی ویست و بەرژەوەندیەکانی، کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەیەکی نوێی جەنگ لە باکور دەکاتەوە و هاوکاری هێزە کوردیەکانی

باشوری کوردستان دەکات و سەربازی زەمینگیرکردنی بەشێك لە هێزەکانی عێراق لە کوردستانی عێراق، بەهاوکاری هێزەکانی باشوری کوردستان سنوری خاکی عێراق دەبەزێنن و چەندین چالاکی پارتیزانی بەهاوبەشی هێزەکانی ئێران و پێشمەرگە لە قولایی خاکی عێراقدا ئەنجام دەدەن.

### باسی دووەم: رۆڵی ئێران لە یەکخستنی هێزە کوردیەکانی باشوری کوردستان دژی عێراق:

سەرەڕای ناکۆکیەکانی هێزە کوردیەکانی عێراق لەنێو خۆیاندا بەتایبەت (ینك) و (پدك)، بەڵام هەریەکەیان بەجیا پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دروست دەکەن. پدك هەرلەسەرتاوە پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ ئێران دروست دەکات لەلایەن ئێرانیشەوە پرچەك دەکرێت. بەڵام ینك دواتر بەهۆی ئاشکرابوونی پەیوەندیەکانی لەگەڵ هێزەکوردیەکانی ئێران و جەنگیان دژی هێزەکانی ئێران، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران ئاڵۆزی تێدەکەوێت (حسن، ١٣٩٤، ١٧٠- ١٧١؛ حق پناه، ١٣٧٨، ١٥٤- ١٥٧). لەلایەکی دیکەشەوە حسك پەیوەندی لەگەڵ ئێران دەبەستێت و بەپێی رێکەوتنیکی نێوانیان، ئێران مانگانە بڕێك پارە، فیشەك، چەك و ٤٠ تەن مەوادی خۆراکی بە حسك دەدات (حاجی محمود، بێ ساڵی چاپ، بەرگی دووەم، ٢٨).

دوای ئەوەی کە یەکێتی بەباشی هەست بەوەدەکات کە دانوستانەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق هیچ دەرەنجامێکی لێناکەوێتەوە (مەلا، ٢٠٠٨، ٧٣). هەوڵی نزیکبوونەوە لە هێزەکانی دیکە دادەت و لە رۆژی نەورۆزی ١٩٨٤دا لە سورداش لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان و کەم وێنەدا، جەلال تاڵەبانی لە وتارێکیدا داوای ئاشتبوونەوەی گشتی دەکات بانگهێشتی هەموو لایەنە سیاسیە کوردیەکان دەکات تا بەشێوەی سیاسی و ئاشتیانە، کۆتایی بە ناکۆکیەکانیان بهێنن. هەروەها دوای کۆتایی هاتنی دانوستانەکانی یەکێتی و عێراق، یەکێتی بۆ کۆتایهێنان بە وتووێژی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لە ١٥/ ١/ ١٩٨٥ بەیاننامەیەك بڵاو دەکاتەوە. (محەمەد ئەمین: ٢٠١٤، ٢٧٩-٢٨٠).

شیاوی باسە کەپێش کۆتایی هاتنی دانوستانەکان و لەساڵی ١٩٨٤ دا دوکتۆر فواد مەعسوم بەشێوەیەکی نهێنی و بە نوێنەرایەتی ینك و خودی جلال تاڵەبانی سەردانی ئێران دەکات بۆ ئەوەی لەئەگەری کۆتایی هێنانی دانوستانەکانیان لەگەڵ عێراقدا، هەلوێستی ئێران بەرامبەر ینك بزانێت، کە ئایا ئێران ئامادەیە هاوکاری ینك بکات؟ وە هەروەها لەهەمان ساڵیشدا خودی تاڵەبانی بەمەبەستی دیداری لەگەڵ ئایەتوڵا مەنتەزەری جێگری خومەینی، سەردانی شاری قوم دەکات و لەگەڵی کۆدەبێتەوە(حسن، ١٣٩٤، ٢٠٠- ٢٠١) سەرەڕای بوونی دانوستان لە نێوان ینك و ئێران، بەڵام ئێران پێی خۆش نەبوو پێش ئەوەی خۆی لەگەڵ یەکێتیدا رێکبکەوێت هیچ پارتێکی کوردی لەگەڵیدا ئاشت بێتەوە. هەروەك یەکێتی رایگەیاند کە چەند جارێك هەوڵی ئاشتیان لەگەڵ پارتی داوە، بۆ ئەوەش نێردراویان بۆ لای پارتی ناردووە، بەڵام پارتی دەستی دەستی دەکات و نایەوێت بەبێ رەزامەندی ئێران هیچ رێکەوتنێك لەگەڵ یەکێتی واژۆ بکات، بۆیە یەکێتی دەگاتە ئەو بڕیارەی، تا لەگەڵ ئێراندا رێکنەکەوێت، پارتی لەگەڵ یەکێتیدا رێکناکەوێت(ئەمین، ١٩٩٩، ١١٥- ١١٦).

پێشتریش لە کاتی سەردانی حاجی مستەفوی بۆ یاخسەمەر بۆ گفتوگۆ لەسەر رێکەوتنی ئێران و یەکێتی، باس لە رێکەوتنی یەکێتی و پارتی دەکرێت و یەکیتی ئێران بە هۆکاری ئاشت نەبوونەوەی نێوانیان تۆمەتبار دەکات ( ئەمین،١٩٩٩، ١٠٥). دواتر ئێران لای خۆیەوە هەوڵی ئاشتبوونەوەی ینك و پدك دەدات، چونکە بەباشی لەوە تێگەشتبوو کە رێکەوتنی ئەوان لە سودی بۆ ئێرانیش دەبێت، چونکە بەبێ رێکەوتنی هێزە کوردیەکانی باشوری کوردستان، ناتوانێت هیچ چالاکیەکی سەرکەوتوو لە کوردستانی عێراق ئەنجام بدات. سەرەنجام نوێنەری تەواوی پارتە کوردیەکان بانگهێشتی تاران دەکەن (هاشمی، ١٣٨٨، ١٣٥).

ئێران جەلال تاڵەبانی بانگهێشتی تاران دەکات و دوای بەستنی رێکەوتننامەیەکی سیاسی و سەربازی لەگەڵ ئێراندا، لە رۆژانی ٧-١٩٨٦/١١/٨دا رێکەوتننامەی ئاشتی لە نێوان جەلال تاڵەبانی و ئیدریس بارزانیدا واژۆ دەکرێت (بۆ بینینی رێکەوتننامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە یەك). هەروەها رەفسەنجانی لە کۆبوونەوەکەدا پێی ڕاگەیاندبوون: "کورد بە یەکگرتنەوەیان یارمەتیەکی زیاتریان پێدەدرێت لەلایەن ئێرانەوە"( ئەمین ، ١٩٩٩، ٤٠٩).

لەبارەی رۆڵی ئێران لە ئاشکردنەوەی یەکێتی و پارتی، جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "دیسان ئێمە بە ناوبژی کۆماری ئیسلامی لەگەڵیان ئاشت بووینەوە، ئەوە بوو لە تاران منو خوالێخۆشبوو کاك ئیدریس بارزانی رێککەوتنامەیەکمان مۆر کرد"( مام جەلال، ٢٠٠٠، ٣٨). هەروەها نەوشیروان مستەفا باس لەوە دەکات کە: "لەو سەفەرەدا کە مام جەلال بۆ تارانی کرد، دوای ئەوەی گفتوگۆکانی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی

به ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێکی سیاسی، عەسکەری تەواو بوو، ئەوسا ئێران لە ڕۆژانی ٧-١٩٨٦/١١/٨دا دانیشتنێکی هاوبەشی بۆ مام جەلال و ئیدریس بارزانی ڕێکخست و لە ماوەی چەند سەعاتێك دا، ڕێککەوتنێکیان پێ ئیمزا کردن"( ئەمین، ١٩٩٩، ١١٧). لەلایەکی دیکەشەوە محەمەدی مەلا قادر لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: "ناکۆکی لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستانو بەرەی جود بەردەوام بوو، تا ئەو کاتەی وەفدی پارتی بە سەرۆکایەتی جوانە مەرگ ئیدریس بارزانیو وەفدی یەکێتی بە سەرۆکایەتیی مام جەلال لە تاران گەیشتنە یەکترو بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێککەوتنی دووقۆڵی ئیمزا کراو ڕێك کەوتینەوە"( مەلا قادر، ٢٠٠٩، ١٦٣). هەروەك برایم جەلال دەنوسێت: "لە ڕۆژانی (٧-١٩٨٦/١١/٨) پاش ڕێکەوتنی یەکێتیو کۆماری ئیسلامی بە بوونی مام جەلال لە تاران و بە بڕیار و هەوڵو فەرمانی کۆماری ئیسلامی ڕێکەوتننامەی نێوان یەکێتیو پارتی لەلایەن مام جەلالو ئیدریس بارزانی ئیمزا کرا"( جەلال، ٢٠١١، ٤٨٨). لەگەڵ ئەوەشدا لە بەلاغی کۆبونەوەکەی یەکێتیو پارتیدا هاتووە: "میوانداری کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەردوو وەفدەکەو پشتیوانی کردنی لە یەکێتی هێزە شۆرشگێرەکانی گەلەکەمانو خۆشحاڵیو دەوری ئیجابیان لە پیکهاتنی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق و یەکیتی نیشتیمانی کوردستان، شایەنی سوپاسو ریز لێنانە"(بەلاغی هاوبەشی کۆبوونەوەی یەکێتیو پارتی).

**بەشی دووەم:**

## گرتنی شاری هەڵەبجە و کیمیابارانکردنی و ڕۆڵی ئێران لە بەنێودەوڵەتی کردنی کارەساتی هەڵەبجە

### باسی یەکەم: هێرشی هاوبەشی ئێران و پێشمەرگە و گرتنی شاری هەڵەبجە.

لەڕاستیدا هەر دوای کردنەوەی بەرەی نوێی جەنگ لە باشوری کوردستان، ئێران چەندین جار پلانی هێرش بۆسەر هەڵەبجە دادەنێت. تەنانەت لە شاخی سورێن کە بەسەر ناوچەی هەڵەبجەدا دەڕوانیت، جادە و تونێل لێدەدەن، کە جادە سەرەکیەکە لە دزلێەوە دەستی پێدەکرد و لە ملەخورد کۆتایی پێدەهات. بەڵام بەهۆی چەندین هۆکار لەوانە، ئاگاداری دەزگا سیخوریەکانی عێراق لە لێدانی ئەو جادە و تونێلانە، سەختی هاتوچۆ لە ناوچەکە، بوونی دەریاچەی دەربەندیخان لە ڕۆژئاواو و باکوری ڕۆژئاوای شاری هەڵەبجە و ستراتیژی بوونی ناوچەکە، چەندین جار دوادەخرێت (اردستانی،١٣٩٠، ج٣، ٣٧٤؛ درودیان، ١٣٩٠،ج٤، ٢٩٩).

بەڵام دواتر بەهۆی ڕێکەوتنی تەواوی ئێران و هێزەکانی باشوری کوردستان و هاوکاری ئێران بۆ ئەو هێزانە، هەلێکی گونجاو بۆ ئێران دەڕەخسێت تا بەپێی پلانێك هێزەکانی بێنیتە نێو خاکی باشوری کوردستان و لەڕیگەی هێرشکردنە سەر ناوچەکانی هەڵەبجە و دەربەندیخان لە ناوچەی سلێمانی نزیك ببێتەوە و بەتەواوی لە بەرەی نوێی باشوری کوردستانەوە فشار بخاتە سەر هێزەکانی عێراق (علایی، ١٣٩١، ج٢، ٤٢٠). لەبەر ئەوە دەتوانرێت ئەوە بوترێت کە هێرش بۆسەر هەڵەبجە، لەسەرەتادا لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی فراوان بۆ سەر چەندین شاری کوردستانی عێراق وەك: هەڵەبجە، ڕانیە، قەڵادزێ و چوارتا ...هتد ڕەنگرێژی دەکرێت(انصاری، یزدانفام، ١٣٩٠، ٥٩).

لەبەرئەوە بەپێی پلانی ئامادە کراو لە ١٩/ ١١/ ١٩٨٧ و بەپێی ڕاپۆرتی سەید ڕەحیم سەفەوی جێگری فەرماندەی هێزی وشکانی سوپا، لەقۆناغی یەکەمدا بڕیار وایە دەست بەسەر بەرزاییەکانی دەوروبەری سلێمانی و دواتر بەرزاییەکانی دوکان بگیردرێت و بەرەو کەرکوك پێشڕەوی بکرێت. لەکۆتاییشدا لە هەڵمەتێکی دیکەدا لە ڕێگەی سەردەشت، بانە، مەریوان، پاوە، جوانرۆ تا ناوچەی بەنداوی دەربەندیخان و هەلەبجە دەستی بەسەردا بگیردرێت(اردستانی، ١٣٨٩، ٣١). لەبەرئەوە بەپێی پلان دەبوو هێرشی سەر هەڵەبجە دوای هێرش بۆ سەر ناوچەی ماوەت ئەنجام بدرێت، بەڵام بە هۆی هێرشی فروانی عێراق بۆسەر ناوچەی ماوەت و دۆڵی جافایەتی و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئاوارەبوونی خەڵك و سەختی ناوچەکە، هێرشی سەر هەڵەبجە پێشدەکەوێت(هاشمی، ١٣٩٠، ٥٠).

سەرەتا عێراق لە کاتژمێر ١٢ شەوی ٢٢/ ٢/ ١٩٨٨ بە بۆردومانی گوندەکانی دۆڵی جافایەتی و بەری مەرگە بە تۆپی نەمساوی ١٧٥ ملم و ڕاجیمەی چلی دەستپێدەکات(کۆکەیی، ٢٠٠١، ٢٨٠). لە کاتژمێر ٤ ی بەیانی ٢٣/ ٢/ ١٩٨٨ هێرشی زەمینی و ئاسمانی و تۆپخانە بۆ سەر گوندەکانی هەمان ئەو ناوچانە دەستپێدەکات (ڕیباز، ٢٠٠٨، ٤٣٠؛ کۆکەیی، ٢٠٠١، ٢٨٠). کە ئامانجی سەرەکی ئەم هێرشانەش بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی دەبێت کە لەو ناوچانە دەبن. ئەمەش بە هێرشی ئەنفالی یەك ناوزەد کراوە (گوڵپی، ٢٠١٠، ٤٣٠).

هەربۆیە یەکێتی بەمەبەستی سوککردنی هێرشەکانی سەر سەرکردایەتی، لەگەل ئێران دەکەویتە گفتوگۆ، ئەمەش بۆ تاوتوێکردنی ئەو پلانانە

بووکە پێشوتر لەلایەن ئێرانەوە ئامادەکرابوون بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەکانی قەڵادزێ و هەڵەبجە. پاش تاوتوێ کردنی لەگەڵ ئێرانیەکاندا، بڕیار دەدرێت کە گرتنی هەڵەبجە پێشبخرێت، چونکە قەڵادزێ نزیك بوو لە سەرکردایەتی و هێزێکی زۆری عێراقی تێدا کۆکرابوویەوە، لەبەر ئەوە نەدەبوویە هۆی سوککردنی فشارەکانی سەر سەرکردایەتی، بەڵام ناوچەی هەڵەبجە دووربوون لە سەرکردایەتی یەکێتی و لەهەمان کاتیشدا سوپای عێراق هەڵەبجە لاوازتر بوون، لەبەر ئەوە بڕیار لەسەر گرتنی هەڵەبجە دەدرێت (حاجی مشیر، ١٩٩٨، ٨٢-٨٣).

دوای یەکلاییکردنەوەی هێرش بۆسەر هەڵەبجە، لە شوباتی ١٩٨٨ کۆبوونەوەیەك لە شاری کرماشان لەنێوان شاندی ئێرانی بەسەرۆکایەتی محمد مقدهم تهرانی و بە ئەندامێتی (دهقانی، سلیمانی، شەهلایی) و شاندی یەکێتی بەئامادەبوونی فەرەیدون عەبدولقادر، شەوکەت حاجی مشیر و حامید حاجی خالید ئەنجام دەدرێت کە تیایدا دەگەنە رێکەوتنێکی حەڤدە مادەیی کە مقدم تهرانی بەنوێنەرایەتی ئێران و فەرەیدون عەبدولقادر و شەوکەتی حاجی مشیر بە نوێنەری یەکێتی واژۆی لەسەر دەکەن(بۆ خوێندنەوەی مادەگەکانی رێکەوتننامەکە، بڕوانە: حاجی مشیر، ١٩٩٨، ٩٠-٩٢).

ئێران لای خۆیەوە سەرکەوتنی ئەم چالاکیەی زۆربەلاوە گرنگ بوو، هەربۆیە خودی هاشمی ڕەفسنجانی فەرماندەی باڵای جەنگ و حەسەن ڕوحانی و چەند فەرماندەیەکی دیکە لەرێگەی شاری مەیوانەوە خۆیان دەگەیەننە بنکەی قەرارگای خاتم الانبیاء لە شاخی سورێن کە بەتەواوی دەیڕوانی بەسەر مەیدانی جەنگ و ڕەفسنجانی لای خۆیەوە ناوی (والفجر ١٠) لەم هێرشە دەنێت (ایزیدی، ١٣٩٢، ١٠٤). سەرچاوە ئێرانیەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە لەم هێرشەدا هێزەکانی ئێران لە چوار چێوەی چوار قەرارگا و لە سێ بەرەوە بەشداری دەکەن. قەرارگای قودس، لەبەری باکوری هەڵەبجە و گرتنی پردی گردی گۆی پ‌ێ دەسپێردرێت. قەرارگای فەتح، لەبەرەی باشور و سەرەڕای گرتنی بەرزاییەکانی باڵامبۆ و تەیمورژنان، دەبوو خۆی بۆ پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی عێراق ئامادە بکات. قەرارگای ثامن الأئمە، دەبوو لە سنوری سازانەوە بەرەو ناوشاری هەڵەبجە پێشڕەوی بکات و لە قۆناغی دواتریشدا کۆنترۆڵی جادەی بیارە- تەوێڵە- نەوسود بکات. قەرارگای ڕەمەزان، بەهاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە دەبوو خۆی بۆ چالاکی پارتیزانی ئامادەبکات لە ناودڵی هێزە عێراقیەکاندا(اردستانی، ١٣٩٠، ج٣، ٣٧٨).

لای خۆشیانەوە هێزەکوردیەکانی باشوری کوردستان بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداری لەم هێرشەدا دەکەن، تەنانەت بە وتەی بەرپرسانی پێشمەرگە، هێزەکانی پێشمەرگە تەواوی پلانەکانی جەنگیان جێبەجێکردووە، لەگەڵ هەر فەرماندەیەکی پێشمەرگە لەبەرەکانی جەنگ، سێ پلەداری ئێرانی یاوەری کردووە و لەگەل هێزەکانی هەر پارتێکی کوردستانی لە بەرەکانی جەنگ، ٢٠٠- ٣٠٠ پاسداری ئێرانییان لەگەڵ دەبێت(سۆران، ٢٠١٠، ٢٦٠). بەرەکانی جەنگ لەنێوخۆیان دابەش دەکەن. بەرەی ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە و گرتنی تۆپخانەکانی دەڵەمەر و ناوشار لەئەستۆی یەکێتی دەبێت. گرتنی خورماڵ و ئەحمەدئاوا و بەرزاییەکانی مڵەخورد بۆ پارتی. حسك بەرپرس دەبێت لە گرتنی جادەی هەڵەبجە- سەیدسادق (پردی زەڵم) و ڕێگری کردن لە هاتنی هێزی پشتیوانی عێراق بۆ هەڵەبجە و خورماڵ. هێزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامیش بەرپرس بن لە هاوکاری لۆجستیکی (ئەمین، ١٩٩٩، ١٤٥؛ حاجی مشیر، ١٩٩٨، ٩٥- ٩٦). بەڵام دواتر بە هۆی ترس لە پەرچەکرداری توندی حکومەتی عێراق و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و وێرانکردنی شارەکە، بزوتنەوەی ئیسلامی ڕایدەگەیەنێت کە بەشداری لەو هێرشەناکات و هێرش کردنە سەر هەڵەبجە بە هەڵە دەزانێت (بابەکر، ٢٠١١، ١٦٤).

سەرەتای هێرشەکە لەلایەن ئێرانیەکانەوە و لە کاتژمێر دوی شەوی ١٤- ١٥/ ٣/ ١٩٨٨ بە ڕەمزی (یارسول الله) و بەناوی (والفجر ١٠) دەستپێدەکات (علایی، ١٣٩١، ج٢، ٤٢١) و بەهۆی بەشداری چالاکانەی هێزەکانی پێشمەرگە کە بەتەواوی شارەزای ناوچەکە بوون، لەماوەیەکی کورتدا دەتوانرێت شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بەتەواوی کۆنترۆڵ بکرێت و هیزەکانی عێراق دوچاری زیانێکی زۆر ببن(ابوغزاله، ١٣٩٠، ٣١٤).

بەپێی سەرچاوە ئێرانیەکان، لەم جەنگەدا هێزەکانی ئێران سەرەڕای دەستگیر کردنی ٥٤٤٠ کەس لە هێزەکانی عێراق کە ٦٠٠ یان ئەفسەر و ٤٠٠ ی دیکەیان لە هێزە کوردیەکانی ئێران بوون، ٩٠ تانك و نەفەربەر، ١٠٠ تۆپ، ٨٠٠ ئۆتۆمۆبیل، ٦ هەزار چەکی سوك دەگرن. زیانەکانی ئێرانیش برێتی دەبن لە ٦٣٦ کوژراو، ٢٠٦٣ بریندار، ٣١٨ بێسەروشوێن، ٥٦٦ بەرکەوتەی کیمیاوی بووە (علایی، ١٣٩١، ج٢، ٤١٣). بەڵام سەرچاوە عێراقیەکان ژمارەی کوژراوانی ئێران ٣ هەزار و ژمارەی هاووڵاتیانیش بە هۆی چەکی کیمیاوییەوە بە ٤ هەزار کەس تۆمار دەکات

(علی، ٢٠١٨، ٣٢٠).

خومەینیش لە بەیاننامەیەکیدا بەبۆنەی سەرکەوتنی ئەو هێرشە و گرتنی ناوچەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری، لەگەڵ ئەوەی کە سڵاو بۆ هێزەکانی ئێران دەنێرێت، سڵاویش بۆ هێزەکانی کورد و خەڵکانی ناوچەکە دەنێرێت، سوپاسی خەڵکیش دەکات کە بەبێ بەرگری پێشوازییان لەسوپای ئێران دەکات. (http://defapress.ir/fa/news/74502/%D9).

## باسی دووەم: پەرچەکرداری حکومەتی عێراق و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە.

پێش ئەنجامدانی هێرشی هاوبەشی ئێران و پێشمەرگە و گرتنی شاری هەڵەبجە، عێراق هەوڵدەدات لەڕێگەی دوکتۆر موکەڕەم تاڵەبانیەوە پەیوەندی بە هێزە کوردیەکانەوە بکات، لە کۆتاییەکانی مانگی شوباتی ١٩٨٨ دوکتۆر موکەڕەم نامە بۆ تەواوی سەرۆك پارتەکانی کوردستانی باشور دەنێرێت، بەڵام بەهۆی توندی پێکدادانەکان و خێرایی ڕەوتی ڕوداوەکانەوە، هەوڵەکانی بێ ئەنجام دەبن (شاکەلی، ٢٠١١، ١٨٠؛ طالبانی، ٢٠١٠، ج١، ٥١٥- ٥١٩). لەلایەکی دیکەشەوە، عێراق پەیام بۆ جلال تاڵەبانی دەنێرێت و لەوە ئاگاداری دەکاتەوە کە بەهیچ شێوەیەك هاوکاری هێزە ئێرانیەکان نەکەن، هەڕەشەی ئەوەش دەکات ئەگەر بە هاوبەشی هێزە ئێرانیەکان هەرناوچەیەك بگرن، ئەوا حکومەتی عێراق بە چەکی کیمیاوی وەڵام دەداتەوە، تەنانەت ئەگەر شاری سلێمانیش بێت (ئەمین، ٢٠١٠، ٤٠).

هەربۆیە لەترسی پەرچەکرداری توندی حکومەتی عێراق، بزوتنەوەی ئیسلامی لە بەشداریکردنی هێرشی سەر شاری هەڵەبجە پاشگەز دەبێتەوە. ئەویش بە هۆی نامەیەکی مامۆستا مەلا عوسمان ڕابەری گشتی بزوتنەوەی ئیسلامی لە ڕۆژی ١٢/ ٣/ ١٩٨٨ بۆ مامۆستا مەلا عەلی بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری بزوتنەوە کە داوای لێدەکات بەشداری لەوکارەدا نەکەن (محمد ئەمین، ٢٠١٤، ٢٩٨).

ئێرانیش لای خۆیەوە، سەرەڕای بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکانی، لەدوای چەند ئامانجێکی سەربازیش دەگەڕا لەوانە: وەدەرنان و دورخستنەوەی هێزەکانی عێراق لە ناوچەکە و گرتنی شارەکانی هەڵەبجە، خورماڵ، سیروان، بیارە و تەوێڵە. زەمینەسازی و ئامادەکاری بۆ گرتنی بەنداوی دەربەندیخان. ڕێگریکردن لە گەیاندنی هێزی پشتیوان و هاوکاری لە پاریزگای سلێمانی(درودیان، ١٣٩٠، ج٤، ٢٣١).

بەپێی ڕێکەوتنی پێشوەختەی نێوان هێزەکانی ئێران و پێشمەرگە، ئێران بەڵێنی ئەوە دەدات کە دوای گرتنی شاری هەڵەبجە، هێزەکانیان لە نێوشاردا بکشێننەوە و کاروباری بەڕێوەبردنی شارەکە ڕادەهەستی هێزە کوردیەکان بکات (خلیفە محمد، ١٩٩٩، ٣٥). بەڵام دوای گرتنی شار، هێزەکانی ئێران کەسێکی ئێرانی بەناوی عبدالرزاق دەکەن بە قائیمقای هەڵەبجە (سۆران، ٢٠١٠، ٢٦٣). هەروەها هێزەکانی ئێران بە بیانووی ڕودانی چەند ڕوداووێکی نەخوازراو لەلایەن هێزە ئێرانی و کوردیەکانەوە، وەك بردنی کەلوپەلی ماڵان و دوکانەکان، وە بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی شار و ماڵ و موڵکی خەڵك و لەسەر داوا و پێشنیاری محمد باقر ذولقەدر فەرماندەی قەرارگای ڕەمەزان و بەفەرمانی محسن ڕەزایی فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران، محمد مقدم فەرماندەی تیپی ٧٥ ی ظفر دەکرێتە بەرپرسی سەربازی تەواوی ناوچەی هەڵەبجە (ایزدی، ١٣٩٢، ٢٠٩).

هەربۆیە دوای گرتنی تەواوی هەڵەبجە، حکومەتی عێراق پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، لە ڕۆژی ١٦/ ٣/ ١٩٨٨ و بە پەنجا فڕۆکە کە هەریەکەیان چوار بۆمبی کیمیاوی بە کێشی پێنج سەد کیلۆ هەڵگرتبوو، هێرشدەکەنە سەر شارەکە و کارەساتی هەڵەبجە ڕوودەدات کە تیایدا ٥٠٠٠ لە دانیشتوانی شارەکە دەکوژرێن(السامرائی، ١٣٨٨، ١٢٥). بەپێی دانپێدانانەکانی تاریق ڕەمەزان کە یەکێکە لەو فڕۆکەوانانەی شاری هەڵەبجەیان کیمیاوی باران کرد، فڕۆکەکان لە فڕۆکەخانەکانی کەرکوك، موسڵ، گەیارە و فڕۆکەخانەی زانکۆی فڕۆکەوانانی شاری تکریتەوە بەرەو هەڵەبجە فڕیبوون (نێروەیی، ٢٠١٠، بەرگی دووەم، ٥٥).

دوای بڵاوبوونەوەی وێنە و هەواڵی ڕوداوەکە، چەندین لێکدانەوە و شیکردنەوەی جیاواز بۆ ڕودانی ئەوکارەساتە دەکرا، لەوانە: نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسیە کوردیەکان لە ئێران و ئەنجامدانی چالاکی هاوبەش (حاجی مشیر، ١٩٩٨، ١٩٤). کۆمەکی و هاوکارییەکانی ئێران بۆ هێزە کوردیەکانی عێراق (شیرازی و طارمی، ١٣٨٤، ١٥٣ ). پێشوازی خەڵکی شاری هەڵەبجە لە هێزەکانی ئێران (محمد ئەمین، ٢٠١٤، ٣٠٣). یان وەك خودی تاڵەبانی کە پێی وایە ئەمە سروشتی فاشیانەی حکومەتی عێراق و خودی سەدام حسینە (ئەمین، ٢٠١٠، ٦٠). هەروەها

دوکتۆر محمود عوسمان پێی وایە: "هێزە کوردیەکان بەهیچ شێوەیەك نەدەبوو لەهاوکاریکردنی ئێراندا هێڵەسورەکان ببەزێنن، نەدەبوو چالاکی هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی ئێران ئەنجام بدرایە، ئەوە هەڵەیەك بوو، نەك هەر تەنها هەڵە، بەڵکو تاوان بوو، گەلی کورد سزاکەی وەرگرت نەك فەرماندەکان" (کوچیرا، ٢٠٠٨، ٩٠).

## باسی سێیەم: ڕۆڵی ئێران و مەبەستی ئەو وڵاتە لە بەنێودەوڵەتیکردنی کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە

دوای کارەساتی شاری هەڵەبجە و کوشتن و ئاوارەبوونی هەزاران کەس لە خەڵکی شارەکە، کۆماری ئیسلامی ئێران بە هانای خەڵکی ناوچەکەوە دێت و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە ڕزگار کردنی ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵك، سەرەتا هێزەکانی ئێران و هێزە کوردیەکان هەوڵی ئەوەدەدەن کە بە هانای بریندارن و ئاوارەکانەوە بڕۆن. بریندارەکان بە ئۆتۆمبێل و فڕۆکە دەگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەکان و لە نێو ئێرانیشدا ئۆردوگا بۆ ئاوارەکان دروست دەکەن (مەلا، ٢٠٠٨، ٩٣). هەرچەندە هێزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی بەشداری هێرشکردنە سەر شاری هەڵەبجە ناکەن، بەڵام دواتر بەمەبەستی هاوکاری خەڵکی شارەکە، هێزەکانیان ماسك و پۆشاکی دژەکیمیاوی لە قەرارگای ڕەمەزان وەردەگرن و لەگەڵ هێزەکانی دیکەی سەربەقەرارگا، دێنە نێوشاری هەڵەبجە (علی، ٢٠١٩، ٤٩). ئێران لەسەر سنورەکانیشدا چەندین بنکەی تەندروستی دەکاتەوە بۆئەوەی چارەسەری سەرەتایی بۆ بریندارەکان بکرێت تائەوەی دەگەیەنرێنە نەخۆشخانەکانی نێو ئێران (جی، کلی، ١٣٩٠، ٣٨).

هەروەها لەڕێگەی مانگی سوری ئێرانی و نوێنەری وڵاتەکەیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێران داوای هاوکاری نێودەوڵەتی دەکات و بۆ چارەسەرکردنی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی و ڕایدەگەیەنێت کە بەهۆی نەبوونی کەرەستەی پێویست لەبەردەم ئێران بۆ چارەسەرکردنی پێویستی بریندارەکان، ئامادەیی وڵاتەکەیان بۆ وەرگرتنی هەموو جۆرە هاوکارییەك دەردەبڕن (درودیان، ١٣٩٠، ج٤، ٢٣٩- ٢٤٠). تەنانەت حکومەتی ئێران وەك بانگەشەی سیاسی و پەیامێك بۆ تەواوی دونیا و بڵاوکردنەوەی وێنەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی، چەند کەسێك لەبەرکەوتووانی چەکی کیمیایی ڕەوانەی دەرەوەی ئێران دەکەن، هەربۆیە بەفڕۆکەیەکی ئێرانی کە ناوی کوردستانی لەسەر دەنوسرێت و ژمارەیەك بریندارى کیمیاوی دەگوازێتەوە بۆ دەرەوەی وڵات (فیروزابادی، چرا دیکتاتور عراق علیه... ؟؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لوقمان عبالقادر، ٢٠١٩، هەڵەبجە)، لە شارەکانی ڤیەننا، ژنێف، فرانکفۆرت، پاریس و نیۆیۆرك و لە فڕۆکەخانەی هەریەك لەوشارانەش ژمارەیەك بریندارى بەرکەوتەی کیمیایی کە بەشێکیان ئێرانی دەبن دادەبەزێنێت و ژمارەیەك لەو بریندارانە بە ئامادەبوونی کارمەندانی باڵوێزی ئێران لەو وڵاتانە، چەندین چاوپێکەوتن ئەنجام دەدەن ودواتر دەیانگوازێتەوە بۆ نەخۆشخانەکان(فیروزابادی، چرا دیکتاتور عراق علیه... ؟).

لوقمان عبدالقادر محمد سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە، کە لەهەمان کاتدا یەکێکە لەو بریندارانەی کە لەڕێگەی ئێرانەوە نێردراوەتە دەرەوەی ئێران، لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ توێژەر، سەرەڕای نرخاندنی هەڵوێستی ئێران لە بەهاناوەچوونی ئاوارە و بریندارانی چەکی کیمیاوی هەڵەبجە و ناساندن و بڵاوکردنەوەی ئەوکارەساتە بە تەواوی دونیا، ئاماژە بەوەش دەکات کە ئێران بەمەبەستی زیاتر ناساندنی ئەوکارەساتە لەتەواوی دونیادا، لەسەر ئەرك و تێچووی تەواوی خۆی، نزیکەی ٢٥ کەس لەبەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی ڕەوانەی وڵاتانی ئەڵمانیا، بەریتانیا، نەرویج و نەمسا دەکات ولەهەر وڵاتێك چەند بریندارێك دادەنێت. بۆنمونە خودی لوقمان عبدالقادر لە ئەڵمانیا. ڕەنگینی خوشکی دەنێردرێتە بەریتانیا. ڕۆشنا جبار عبدالعزیز، شیرین حاجی علی خێڵی حەمەیی و حمیدە حاجی حسن تریفەیی دەنێردرێنە وڵاتی نەرویج. کوێستان حکیم حسن و تابان علی فرج دەنێردرێن بۆ نەخۆشخانەکانی وڵاتی نەمسا. شیاوی باسە لەفڕۆکەخانەی ئەو وڵاتانەش لەلایەن باڵوێزی ئیرانەوە پیشوازییان لیدەکریت و بانگێشتی وێنەگر و پەیامنێرانی ئەو وڵاتانە دەکەن بۆ فرۆکەخانە و ئاسانکاری دەکەن بۆ وێنەگرتن و چاوپێکەوتنی بریندارەکان لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە.( چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ لوقمان عبالقادر، ٢٠١٩، هەڵەبجە). کە بڵاوبوونەوەی ئەو وێنە و چاوپێکەوتنانە، ڕای گشتی جیهانی لە دژی عێراق دەوروژێنێت و ئەنجومەنی ئاسایش ناچار دەکات کە ڕێگە بدەن کە نەتەوە یەکگرتووەکان پسپۆڕانی خۆی بنێرێت بۆ ناوچەی کیمیاوی لێدراوی هەڵەبجە (باشگاه خبرنگاران. وسیع ترین حمله....).

سەبارەت بەشەهیدەکانیش، بەهاوکاری هێزە کوردیەکان و بەتایبەت هێزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی، تەرمی شەهیدەکان دەنێژن (خەلیفە محمد، ١٩٩٩، ٣٧). ئێران لای خۆیەوە هێزێکی هاوکاری بەسەرۆکایەتی ئاغای مەسعودی ڕەوانەی ناوچەی هەڵەبجە دەکات و بەهاوکاری

خەڵكی ناوچەكە و بەشێك لە هێزەكانی پێشمەرگە، دوای كۆكردنەوەی تەرمەكان لە هەندێك ناوچە و هەندێك كاتیش بە كۆمەڵی ٢٠٠ تا ٣٠٠ تەرم پێكەوە دەنێژن (حاجی مشیر، ١٩٩٨، ١٧٤).

كە ئەمەش دوای فەتوایەكی خومەینی دێت كە پرسیاری لێدەكرێت لەبارەی شۆردن و كفن دفن كردنی كوژراوەكانەوە، ئەویش لەوەڵامدا كە لە هەمان كاتیشدا فەتوایە، باس لەوە دەكات كە بەهۆی ئەوەی هیچ مەحرەمێك نییە بۆ شۆردنی مردووەكان، ئەوا نابێت بشۆردرێن و لەدرێژەی فەتواكەیدا باس لەوەدەكات كە هیچ دوور نییە ئەو كوژراوانە هیچ پێویستیان بە شۆردن و كفن كردن هەبێت، بۆیە لەدرێژەی فەتواكەیدا باس لەوەدەكات كە بەبێ شۆردن و بە پۆشاكەكانی خۆیانەوە بنێژرێن (ایزدی، ١٣٩٢، ٢٧٥؛ حسن، ١٣٩٣، ٢٦٤). هەروەها ئەو بریندارانەی كە بەبرینداری بردراونەتە وڵاتی ئێران و لە نەخۆشخانەكانی ئێراندا كۆچی دواییان كردووە، ئێران هەمویان كۆدەكاتەوە و لە شوێنێكی دیاریكراو لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرای شاری تاران بەنێوی (مزار شهدای حلبچه/ مەزارگەی شەهیدانی هەڵەبجە) بەخاكیان دەسپێردرێت و بەشێكی دیاریكراوی گۆڕستانەكەیان بۆ تەرخان دەكات و دواتریش وێنە و ڤیدیۆی دەگرێت و لە گۆڤار و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەكانی ئێرانەوە بلاو دەكریتەوە. لەهەمان كاتیشدا ڕێگە و ڕێنوێنی ڕۆژنامە نوس و پەیامنێرە بیانیەكان دەكات كە سەردانی گۆڕستانەكە بگەن و وێنەكەی بەتەواوی دونیادا بڵاو دەبیتەوە (چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ لوقمان عبالقادر، ٢٠١٩، هەڵەبجە).

نزیكەی ١٥ ڕۆژیش دوای ڕوداوەكە، ئایەتوڵا مونتەزەری لەبەیاننامەیەكدا، پرسەی گشتی لە وڵاتی ئێران ڕادەگەیەنێت و حەوزەكانی عیلمیش بەتایبەت لە شاری قوم دادەخات پرسەش بۆ شەهیدەكانی هەلەبجە دادەنێت (هاشمی، ١٣٩٠، ٥٠). هەروەها ئایەتوڵا خامنەیی سەرۆك وەزیرانی ئەوكاتی ئێرانیش لە بەیاننامەیەكدا سەرەڕای وێناكردنی حكومەتی عێراق بە خوێنڕێژ، داواش لە تەواوی وڵاتانی دونیا دەكات كە لەبەرامبەر ئەم مەرگەساتەدا بێدەنگ نەبن و بە ڕێكخراوە نیودەوڵەتیەكانیش هوشیار دەدات كە لەئەگەری بێدەنگ بونیان ئەوا ڕاستگۆیی خۆیان دەخەنە ژێر پرسیار. لای خۆشیەوە كەمال خەڕازی سەرپەرشتیاری ئەوكاتی لێژنەی ڕاگەیاندنی جەنگ، لەكۆڕێكی ڕۆژنامەنوسیدا و بەئامادەبوونی ڕاگەیاندنەكانی دونیا، سەرەڕای ئیدانەكردنی بێدەنگی ئەنجومەنی ئاسایش و ناوەندە نێودەوڵەتیەكان، ئەو وڵاتانەی كە لە ئاست ئەم ڕوداوەدا بێدەنگن، بەهاوكاری ڕژێمی عێراق تۆمەتبار دەكات (باشگاه خبرنگاران. وسیع ترین حمله...).

هەربۆیە نەوشیروان مستەفا لە یاداشتەكانیدا ئاماژە بەوە دەكات كە ئەگەر هێزە فریاگوزاریەكانی ئێران لەكاتی خۆیدا بە دەم خەڵكی كیمیاوی لێیدراوی هەڵەبجە نەهاتبان، یان كەمێك درەنگتر بكەوتنایە، ئەوا تەواوی خەلكی شار شەهید دەبوون، یان لانیكەم ژمارەی شەهیدەكان چەند بەرامبەری ئێستە دەبوون (ئەمین، ١٩٩٩، ١٤٧).

هەرچەندە لەماوەی جەنگی نێوانیاندا، عێراق چەندین جار چەكی كیمیایی دژی هێزەكانی ئێران بەكار دەهێنێت، تەنانەت شارێكی وەك سەردەشت كە یەكێكە لەشارەكانی ئێران و لەلایەن عێراقەوە كیمیاباران دەكرێت، بەڵام وڵاتی ئێران بەمەبەست خۆی نایەوێت كە دەنگدانەوەی فراوانی هەبێت و بەشێوەیەكی ئاسایی و سادە ڕوداوەكەیان ڕومالكرد، ئەویش بەهۆی ئەوەی كە ترس و دڵەڕاوكێ لە نێو وڵاتی ئێران و هێزەكانیدا بلاو نەبێتەوە، هەربۆیە باس لەوە دەكرێت كە ئاساییبوونی كیمیابارانی سەردەشت، هۆكار بووە بۆئەوەی كە حكومەتی عێراق نزیكەی حەوت مانگ دواتریش شاری هەلەبجە كیمیاباران بكات(باستانی، ٢٠١٧، سایت بی بی سی فارسی). بەڵام ئەمجارەیان ئێران هەرلەسەرەتای كیمیابارانەكەدا چەند وێنەگرێكی دەزگا ڕاگەیاندنەكانی وڵاتەكەی دەگەیەنێتە ناوجەرگەی ڕوداوەكان و بەشێوەیەكی فراوان وێنەی كارەساتەكە دەگرن (حاجی مشیر، ١٩٩٨، ١٨٠). و لەڕێگەی ڕاگەیاندنەكانی خۆیان و هەواڵنێرەكانیانەوە هەواڵی كیمیابارانكردنی شاری هەڵەبجە بڵاودەكەنەوە و وێنەكانی شار و شەهیدەكانی دەگەیەننە تەواوی دونیا (مەلا، ٢٠٠٨، ٩٣). كاوە گلستان كە فۆتۆگرافەری ئێرانییە و براوەی خەڵاتی پولیتزر، بە هەلیكۆپتەری ئێرانی سەردانی هەلەبجە دەكات و چەندین وێنەی كارەساتەكە لە ئاسمان و زەویەوە دەگرێت (جی، كلی، ١٣٩٠، ٣٨).

ئێرانیش لای خۆیەوە و هەرلەسەرەتای ڕوداوەكەوە وێنە كاریگەرەكانی وێنەگرانی ئێرانی وەك: سەعید جانبزرگی، سەعید صادقی، علی فەرەیدونی و ئەحمەدی ناتقی كۆدەكاتەوە و ناوەندی صدا و سیما (دەنگ و ڕەنگ)ی ئێران لە چوارچێوەی كتێبێكی قەبارە گەورە و لە دوتوێی ٨٢ لاپەڕەی ڕەش و سپی و تیراژی ٥٠٠٠ دانە بە چاپ دەگەیەنێت (هەورامانی، بێ ساڵی چاپ، ٨٢).

هەروەها ئەحمەدی ناتقی یەكێكی دیكەیە لە وێنەگرەكانی ئێران و هەرلەسەرەتای كارەساتەكەوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەكی دیكەی سەردانی

شاری هەڵەبجە دەکات و چەندین وێنەی جیاوازی قوربانیەکان دەگرێت، کە دیاترینیان وێنەی عومەری خاوەرە کە بەشێوەیەکی خێرا و فراوان لە تەواوی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دونیاوە بڵاو دەبێتەوە و دواتریش وەك سومبولی شەهیدانی هەڵەبجە دەناسرێت. تەنانەت خودی ناتقی دواتر بە هاوکاری موزە صلح (مۆزەخانەی ئاشتی) ئێران، یاداشتەکانی خۆی لە بارەی کارەساتی هەڵەبجە و تەواوی وێنەکانی لە دوتوێی کتێبێکدا و بە ناوی دەنگی بێدەنگی بە هەردوو زمانی فارسی و ئینگلیزی بڵاو کردووەتەوە و لە هەندێك شوێنی کتێبەکەش بە زمانی کوردی ڕونکردنەوەی پێویستی نوسیوە (ناتقی، ١٣٨٩). سەعیدی جان بزورگی یەکێکی دیکەیە لە وێنەگرانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و هەرلەسەرەتای ڕوداوە دەچێتە ناوشار و خۆشی بەهۆی گازی کیمیاوی بریندار دەبێت و هەربەو هۆیەشەوە چەندساڵێك دواتر کۆچی دوایی دەکات، لەیاداشتەکانیدا لەباسی وێنەگرتنی قوربانیانی هەڵەبجە دەنوسێت: "بەخۆمم دەوت، ساتە تۆمارکراوەکانی کامێراکەی من دەبێتەهۆی ئەوەی کە خەڵکانی دوردەستیش لەبارەی ساڵانێك جوامێری ئەوکەسانە بیربکەنەوە کە تەمەنی لاوێتییان لە خەباتی سەختدا بەرێکرد، وە گەشتمە ئەو باوەڕەی کە مرۆڤەکانی نێو وینەکانی من هەرگیز نامرن، منیش تەمەنێکی هەتا هەتاییان پێدەبەخشم" (باشگاه خبرنگاران جوان: شهیدی کە از لحظات....).

هەروەها ئێران لە ڕێگەی باڵویزخانەکانیەوە وێنەکان بە دونیا دەگەیەنێت و تەنانەت چەند ڕۆژێك دوای ڕوداوەکە و لە ڕۆژی نەورۆزدا لە باڵوێزخانەکانی خۆی لە تەواوی وڵاتانی دونیا پێشانگای تایبەت بە ڕوداوی کارەساتی هەڵەبجە و ئۆردوگای ئاوارەکانی ئێران دەکاتەوە و باڵوێزخانەی ئێران لە ئەڵمانیاش لە کتێبێك بە ناونیشانی هەڵەبجە لە چاوی هەشت فۆتۆگرافەری ئێرانییەوە لە وڵاتی ئەڵمانیا و بەزمانی ئینگلیزی چاپ و بڵاو دەکاتەوە. (هەورامانی، بێ ساڵی چاپ، ٢٥). کە لەڕاستیدا کاریگەری ئەو وێنانەی کە ئێران بڵاوی دەکردنەوە زیاتر بەهۆی ئەوەوە دەبێت کە وێنەگرانی ئێرانی توانیویانە لەکاتی ڕوداوەکەدا بگەنە ناوچەکە و لەساتی مردنی قوربانیاندا وێنەیان بگرن، ئەمەش دونیای لەبینینی ئەو وێنانە دەهەژێنێت (مرشدی، سایت تاریخ ایرانی).

هەردوای کیمیابارانی هەڵەبجە، ئێران بەناردنی چەند نامەیەك لە ڕۆژەکانی ١٧- ١٨- ١٩/ ٣/ ١٩٨٨ هەواڵ بە سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگەیەنێت کە دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی فراوان گازی کیمیاوی بەکارهێناوە و داوای لێدەکات کە لێژنەیەکی پسپۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ڕەوانەی ناوچەی هەلەبجە بکات (پارسادوست، ١٣٨٦، ٧٢٤). بەڵام ئەنجومەنی ئاسایش نزیکەی حەوت حەفتە لەئاستی ڕوداوەکەدا بێدەنگ دەبێت و دواتریش لەبەیاننامەیەکیدا بە بێ تاوانبار کردنی حکومەتی عێراق، داوا لە هەردولایەنی شەڕکەر دەکات کە خۆیان بپارێزن لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی (باستانی، ٢٠١٧، سایت بی بی سی فارسی).

سەرەنجام بەهۆی دەرەنجامی فشاری نوێنەرانی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ٢٩ی مایسی ١٩٨٨ دو پسپۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانێکی سێ ڕۆژی بۆ ئێران ئەنجام دەدەن و چاویان بە چەندین کەس لە برینداراانی چەکی کیمیاوی دەکەوێت و سەردانی شارە سنوریەکان نەسود و مەریوان دەکەن(دردویان، ١٣٩٠، ج٤، ٢٤٠- ٢٤٤). هەروەها تیمێکی دیکە لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی بەریتانیا، بەلجیکا و ئەڵمانیا سەردانی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی دەکەن (مرشدی، سایت تاریخ ایرانی).

لای خۆشیەوە هاشم ڕەفسنجانی سەرۆکی ئەوکاتی پەرلەمانی ئێران، نامەیەك و کاسێتێکی ڤیدیۆیی بەناوی پەرلەمانی ئێرانەوە نامە بۆ تەواوی پەرلەمانەکانی دونیا دەنێرێت کە لەنامەکەدا کارەساتی هەلەبجە بەپێی ئەوەی بەدەستی دەوڵەتی خۆیان ڕەشەکوژ کراون، بەبەراورد بە کارەساتە گەورەکانی وەك هێرۆشیما، ناکازاکی، ڕەشەکوژیەکانی هیتلەر و گەلی فەلەستین تاڵتر ناودەبات(هاشمی، ١٣٩٠، ٥٩٣؛ حسن، ١٣٩٤، ٣٢٩- ٣٣١).

لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ئەوەی کە وڵاتە زلهێزەکان و وڵاتانی عەرەبی، هەریەکە و بەشێوەیەك لایەنگیری ڕژێمی عێراقیان دەکرد و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئەمریکا لای خۆیانەوە بە تەواوی لە هەوڵی ئەوەدا دەبن کە بە هەرشێوەیەك بێت ڕوداوی کیمیابارانی هەڵەبجە کپبکەنەوە (پاوەر، ٢٠٠٨، ٤٩- ٥٠). وڵاتە عەرەبیەکانیش بەشێوەیەکی گشتی و هەریەکەیان لە ئاستی خۆیانەوە، بەشێوەیەك لە شێوەکان دەکەونە ژێر کاریگەری دەزگا ڕاگەیاندنەکانی عێراق و لەبەرامبەر کیمیابارانی هەڵەبجەدا بێدەنگی هەلدەبژێرن، تەنانەت هەندێکیشیان پشتگیری عێراقیان دەکرد و ئەم کارەیان بەسەرکەوتنی سوپای عێراق دەزانی (علی، ٢٠٠٨، ١٦٣).

بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە کارەساتی هەڵەبجە، لەڕۆژانی سەرەتادا هاوشیوەی کارەساتی سەردەشت، تاڕادەیەك دەنگدانەوەی کەمی لە ناوەندە

جیهانیەکانیەکاندا دەبێت، بەڵام هەوڵی چالاکانەی دیبلۆماسیەتی ئێران، کە لەوکاتەدا شاری هەڵەبجەی لەدەستدا بوو، توانرا بە هەمودونیادا بڵاوبیبێتەوە. پەیامنێرە بیانیەکان تەنانەت ئەمریکی و ئەوروپیەکانیش بانگهێشت دەکات تا هەواڵی کیمیابارانی هەڵەبجە بە دونیا بگەیەنن (هاشمی، ١٣٩٠، ١٧؛ باستانی، ٢٠١٧، سایت بی بی سی فارسی)، تەنانەت مۆڵەتی ئەوەشیان پێدەدات کە سەردانی نەخۆشخانەکانی ئێران بکەن و چاوپێکەتن لەگەڵ بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی بکەن، یان تەنانەت لەڕێگەی خاکی ئێرانەوە سەردانی ناوچەی هەڵەبجە بکەن و وێنەی تەرمی شەهیدەکان بگرن (هاشمی، ١٣٩٠، ١٧؛ گوڵپی، ٢٠١٠، ٤٤٦). ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئێران لە ماوەی جەنگدا زۆر بە کەمی هاوکاری ڕاگەیاندنەکانی ڕۆژئاوا دەکات، بەڵام لە کارەساتی هەڵەبجەدا بە دەیان فۆتۆگرافەر و پەیامنێر بە هەلیکۆپتەری جەنگی دەباتە شاری هەڵەبجە تائەوەی وێنەی ڕوداوەکە بگرن (فیروزابادی، چرا دیکتاتور عراق علیه... ؟).

هەروەها خودی ئیمام خومەینی بە توندی ڕەخنە لە ڕێبەرانی وڵاتانی عەرەبی دەگرێت کە لەبەرامبەر ئەم ڕوداوەدا بێهەڵوێست بوون و لەوەڵامی پەیامی شێخ زاید بن سوڵتانی سەرۆکی ئیمارات کە بە بۆنەی هاتنەوەی مانگی ڕەمەزانەوە بۆ خومەینیناربوو، دەنووسێت: " بەو پەڕی داخ و بەدور لە چاوەڕوانیەکان، سەرجەمی وڵاتانی عەرەبی زۆر بەبێ هەستی بە لای ئەو ڕوداوە تێپەڕین، هەروەك وابێت کە هەواڵی ئەم کارەساتە بێ وێنەیان نەبیستبێت" (رنجبر کرمانی، ١٣٨٩، ٧٥٦).

لەگەڵ ئەوەی کە ئەوکارەی ئێران، سودێکی زۆری دەبێت بۆ بەدونیا ناساندنی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و بەنێودەوڵەتی کردنی ئەو کارەساتە، پرسی کورد بەتەواوی ناوەندە نێودەوڵەتیەکان دەناسێنێت. بەڵام لەهەمان کاتدا ئێران مەبەستی دیاریکراوی خۆشی هەبووە، وەك ناشیرین کردنی دوژمنەکەی و بەدڕندەیی نیشاندانی ڕژێمی عێراق لە ناوەندە نێودەوڵەتیەکان (ئەمین، ١٩٩٩، ١٤٧). لەبەر ئەوە دەتوانرێت ئەوە بوترێت کە هەرچەندە لەوکاتەدا دونیا لەبەرامبەر عێراقدا بێدەنگ دەبێت، بەڵام بەپێچەوانەی پێگەی ئێرانەوە، هەر کاریگەری لەسەر پێگەی نێودەوڵەتی عێراق دەبێت و لاوازی دەکات (مرشدی، سایت تاریخ ایرانی).

لەڕاستیدا وادەردەکەوێت کە ئەو بەهێزبوونی پێگەی ئێرانە، دەرونی خودی سەدامیشی ئازار دابێت، جۆن نیکسۆن لێکۆڵەری دەزگای سی ئای ئەی ئەمریکی و لێکۆڵەری خودی سەدام حسێن، لەیاداشتەکانیدا بەناونیشانی (اعترافگیری از رییس جمهور، بازجویی صدام حسین/ دانپێدانان لە سەرۆك کۆمار، لێکۆڵینەوە لە سەدام حسەین) باس لەوە دەکات کە کاتی پرسیارکردنی لە بارەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە، هیچ پەشیمانییەکی پێوە دیار نەبووە، بەڵام لەوە نیگەران بوە کە لەهێرشی سەر شاری هەڵەبجەدا کەوتووەتە هەلەیەکی ستراتیژییەوە چونکە بووەتە هۆی ئەوەی کە ناوی لە دونیادا خراپ ببێت و ناوی ئێرانیش سەربەرزتر بێت (باشگاه خبرنگاران جوان: ناگفته های بازجویی صدام).

## ئەنجام:

١-لەنیوەی دووەمی جەنگ، ئێران بەرەیەکی نوێی جەنگ لەبەرەکانی باکوری خۆرئاوای وڵاتەکەی دەکاتەوە و کاریگەری دەبێت لەسەر هێزە کوردیەکانی باشوری کوردستان بۆ تا ئەوەی کە سەرپەرشتی واژۆکردنی پەیمانی ئاشتی نێوانیان دەکات و هێزی هاوبەش لەگەڵیان دروست دەکات و هاوکاری هێزە کوردیەکان دەکات و پێکەوە هێرش بۆ سەر ناوچە جیاوازەکانی باشوری کوردستان ئەنجام دەدەن.

٢-هەریەکە لە هێزەکانی ئێران و پێشمەرگە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە گرتنی شاری هەڵەبجە و بەهاوکاری و پێکەوە هێرشەکەیان ئەنجامداوە.

٣-ئێران ڕۆڵێکی دیار و کاریگەری هەبووە لە هاوکاریکردن و بەدەمەوەچوونی بریندارن و ئاوارەکانی هەڵەبجە و بەنێودەوڵەتی کردنی کارەساتی هەڵەبجە و بەدونیا ناساندنی و بڵاوکردنەوەی لە تەواوی ناوەندەکانی دونیا.

٤-ئێران لەبەنێودەوڵەتیکردنی کارەساتی هەڵەبجە، ئامانجی ئەوە بوو کە ڕژێمی عێراق لە ناوەندە نێودەوڵەتیەکاندا بە تاوانکاری جەنگ بناسرێت و سۆزی دونیا بۆ لای خۆی ڕاکێشێت.

## ڕاسپاردەکان:

١-هەوڵی جدی و ئەکادیمی بدرێت بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و بەدۆکیۆمێنت کردنی ڕووداوەکە لەڕێگەی ناوەندێکی شارەزای ئەکادیمی و کۆکردنەوەی وێنە و فلیم و چاوپێکەوتن لەگەڵ بریندارانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە و ئەو کەسانەی کە ڕوداوەکانیان بەچاوی خۆیان بینیوە و تۆمارکردن و پاراستنیان.

٢-کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە بەشێوەیەکی باش کارا بکرێت، هەوڵبدرێت بە هاوکاری زانکۆی هەڵەبجە چەندین توێژینەوە و کاری ئەکادیمی لەبارەی کارەساتی هەڵەبجەوە ئەنجام بدرێت.

## لیستی سەرچاوە:

### یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان:

١-بابەکر، حسن: هەوراز و نشێو کەمێك لەوەی لەبیرمە لە جموجوڵی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق ١٩٨٣ -١٩٩٩، چاپخانەی سیما، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١.

٢-پاوەر، سەمانسا: ئەمریکا و ئەنفال، و، بەختیار کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٣-جەلال، برایم: چەپكێك لە مێژووی کۆمەڵە، چاپخانەی ڕوون، ٢٠١١.

٤-جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەر گڕی ئاگری جەنگی عێراق‌و ئێران دا، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

٥-حاجی محمود، محمد: ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك، باسی ڕوداوەکانی (٢٠) ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەکات ١٩٧٦-١٩٩٦، بەرگی یەکەم ١٩٧٦ -١٩٨١، چاپی یەکەم، چاپخانەو ئۆفسێتی بێسارانی، سلێمانی، ١٩٩٩.

٦-حاجی محمود، محمد: ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك، باسی ڕوداوەکانی (٢٠) ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەکات ١٩٧٦-١٩٩٦، بەرگی دووەم ١٩٨٢ -١٩٨٦، بێ شوێنی چاپ، بێ ساڵی چاپ.

٧-حاجی مشیر، شەوکەت: کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری ١٩٨٨ کورتەباسێکی جوگرافی- ئابوری- کۆمەڵایەتی- سیاسی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

٨-خلیفە محمد، حسین: چەمکێك لە مێژووی کارەساتەکانی کوردستان و هەڵەبجەش لەم مێژووەدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی مەکتەبی ڕاگەیاندنی ناوەندی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

٩-ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، یاداشتەکانی پێشمەرگایەتی لەساڵانی ١٩٧٦ -١٩٨٠، چاپخانەی پەیوەند، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٠-سۆران، حسێن: لە مەنفاکانی ناسیۆنالیزمەوە بۆ کوشتنی زمان و جەستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١٠.

١١-شاکەلی، محمد: لە بزوتنەوەوە بۆ حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ١٩٧٦ -١٩٩٣،بڵاوکراوەی کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، ٢٠١١.

١٢-علی، عادل سدیق: کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی ئێران- عێراق هەڵەبجە ١٦/ ٣/ ١٩٨٨ بەنمونە توێژینەوەیەکی مێژویی – سیاسی، چاپ ڕێنوێن، سلێمانی، ٢٠١٨.

١٣-علی، گۆران: سەربازە بوێرە ونەکانی دوێنێ و فەرامۆشکراوەکانی ئەمرۆ، گۆڤاری ئازاری هەڵەبجە، ساڵنامەیەکی تایبەتە بە کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، مەڵبەندی یەکی هەڵەبجەی کۆمەڵی ئیسلامی دریدەکات، ژمارە ١٠، ١٦/ ٣/ ٢٠١٠.

١٤-کۆکەبی، سابیر: ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ مێژوو، بەشی یەکەم، بێشوێنی چاپ، ٢٠٠١.

١٥-گوڵپی، فایەق: سیاسەتی نەتەوەپەرستی داگیرکەران و پەرچەکرداری خێڵەکی کورد، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠١٠.

١٦-مام جەلال: سەروەری و یۆبیلی زیوین و ئەرکەکانی داهاتوو، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ناەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سایمانی، ٢٠٠٠.

١٧-محمد ئەمین، فاروق محمد: سیاسەتی ئێران بەرامبەر جولانەوەی رزگاریخوازی کورد ل باشوری کوردستان ١٩٧٥ - ١٩٨٩، چاپی یەکەم، چاپخانەی رێ نوێ، سلێمانی، ٢٠١٤.

١٨-مەلا، رەفعەن: رۆژە تەماویەکان، چاپ اول، چاپخانە کارو، سلیمانی، ٢٠٠٨.

١٩-مەلاقادر، محمد: سەربردە کورتەیەك لە بیرەوەریەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢٠-نێروەیی، علی تەتەر: سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمیەکاندا، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی دهۆك، دهۆك، ٢٠١٠.

٢١-نێروەیی، علی تەتەر: سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمیەکاندا، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی زانکۆی دهۆك، دهۆك، ٢٠١٠.

٢٢-هەورامانی، ئیبراهیم: ٤٨ کاتژمێر سەرفەری فۆتۆگرافەرێك بۆ هەڵەبجە، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، بێ شوێنی چاپ، بێ ساڵی چاپ.

٢٣-ئەمین، نەوشیروان مستەفا: خولانەوە لەناوبازنەدا، دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤ - ١٩٨٨، بەرلین، ١٩٩٩.

٢٤-ئەمین، نەوشیروان مستەفا: لەهاوخەباتیەوە بۆ تەخوین، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٠.

٢٥-ئینتیسار، نادر: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، وەرگێرانی، عەتا قەرەداخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣.

## دووەم: سەرچاوە فارسیەکان:

٢٦-ابوغزالە، عبدالحلیم: جنگ عراق و ایران، ترجمە، نادر نوروز شاد، تهران، مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس (مرکز مطالعات و تحقیقات جنگ)، چاپ دوم، چاپ عقیلی، ١٣٩٠.

٢٧-اردستانی، حسین: تنبە متجاوز، بررسی تحولات سیاسی- نظامی از تابستان ١٣٦١ تا فروردین ١٣٦٧، تجزیە و تحلیل جنگ ایران و عراق، تهران، مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس، جلد سوم، چاپ چهارم، ١٣٩٠.

٢٨-اردستانی، حسین، تکاپوی جهانی برای توقف جنگ، روزشمار جنگ ایران و عراق ٢٨ ابان تا ٢٤ دی ١٣٦٦، مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس، مرکز مطالعات و تحقیقات جنگ، چاپ پنجاودوم، چاپ قلم اذین، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٩.

٢٩-انتصار، نادر: سیاست کردها در خاورمیانە، ترجمە، عرفان قانعی فرد، تهران، نشر علم، چاپ اول، چاپ رامین، ١٣٩٠.

٣٠-انصاری، مهدی. محمود، یزدانفام، جنگ محدود ایران و امریکا در خلیج فارس، روزشمار جنگ ایران و عراق ١ مهر تا ٢٧ ابان ١٣٦٦، مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس، مرکز مطالعات و تحقیقات جنگ، چاپ پنجاویکم، چاپ قلم اذین، چاپ دوم، تهران، ١٣٩٠.

٣١-ایزدی، یدالله: عملیات والفجر- ١٠ فشار جهانی بە ایران برای پذیرش قطعنامە ٥٩٨، روزشمار جنگ ایران و عراق ٢٣ اسفند ١٣٦٦ تا ٢٧ فروردین ١٣٦٧، تهران، مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس، مرکز مطالعات و تحقیقات جنگ، کتاب پنجاە وچهارم، چاپ قلم اذین، چاپ اول، ١٣٩٢.

٣٢-پارسادوست، منوچهر: ما و عراق از گذشتە دور تا امروز (نجاوز عراق، پیامدها، پایان جنگ و رویدادهای پس از ان)، انتشارات شرکت سهامی انتشار، چاپ دوم، چاپخانە عماد، تهران، ١٣٨٦.

٣٣-جی. کلی، مایکل: نسل کشی در کردستان عراق (صدام حسین و یك محاکمە نا تمام)، ترجمە. سربس نظری، مؤسسە انتشارات امیر کبیر، چاپ واژە پرداز اندیشە، چاپ اول، تهران، ١٣٩٠.

٣٤-حسن، ارکان: مناسبات ایران با کردهای عراق در جنگ ایران و عراق شهریور ١٣٥٩- مرداد ١٣٦٧، پایان نامە کارشناسی ارشد، رشتە تاریخ، گرایش انقلاب اسلامی، دانشگاە بین المللی امام خمینی، ایران- قزوین، بهمن ١٣٩٣. (منتشر نشدە).

٣٥-حق پناە، جعفر: کردها و سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، تهران، انتشارات مؤسسە و فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین الملل ابرار معاصر ایران، جلد اول، ١٣٨٧.

٣٦-دردودیان، محمد: شلمچە تا حلبچە، بررسی وقایع سیاسی- نظامی جنگ در سال ١٣٦٦ درگیری با امریکا در خلیج فارس، انتقال منطقە

نبرد از جنوب به غرب، سیری در جنگ ایران و عراق، تهران، مرکز اسناد دفاع مقدس "مرکز مطالعات تححقیقات جنگ"، جلد چهارم، چاپ هفتم، چاپخانه ارین، ۱۳۹۰.

۳۷-رنجبر کرمانی، علی اکبر: روزشمار زندگی امام خمینی، چاپ و نشر عروج- مؤسسه تنظیم و نشر امام خمینی، چاپ دوم، تهران، ۱۳۸۹.

۳۸-السامرائی، وفیق: ویرانی دروازه شرق، ترجمه، عدنان فاروق، تهران، مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس "مرکز مطالعات تححقیقات جنگ"، چاپ ششم، ۱۳۸۸.

۳۹-شیرازی، حبیب الله ابوالحسن. طارمی، کامران: نقش گروه های معارض در روابط ایران و عراق ۱۳۷۵- ۱۳۷۸، مرکز اسناد انقلاب اسلامی، چاپ اول، تهران، ۱۳۸٤.

٤٠-علایی، حسین: روند جنگ ایران و عراق، تهران، نشر مرزوبوم، چاپ ارین، جلد اول، چاپ اول، ۱۳۹۱.

٤١-علایی، حسین: روند جنگ ایران و عراق، تهران، نشر مرزوبوم، چاپ ارین، جلد دوم، چاپ اول، ۱۳۹۱.

٤٢-غفوری، علی: تأریخ جنگهای ایران از مادها تا به امروز، تهران، انتشارات اطلاعات، چاپ دوم، ۱۳۸۹.

٤٣-کوچیرا، کریس: چالش جنبش ملی کرد یا رویایی شیفته استقلال، ترجمه. عزیز ماملی، چاپ دوم، سلیمانی، ۲۰۰۸.

٤٤-ناطقی، احمد: صدای سکوت، مؤسسه سراسیمرغ سحر، چاپ اندیشه نوین، چاپ اول، تهران، تابستان ۱۳۸۹.

٤٥-هاشمی، علیرزا، پایان دفاع و اغاز بازسازی کارنامه و خاطرات سال ۱۳٦۷ اکبر هاشمی رفسنجانی، تهران، نشر معارف انقلاب، چاپ سپه، ۱۳۹۰.

٤٦-هاشمی، عماد: اوج دفاع کارنامه و خاطرات سال ۱۳٦٥ اکبر هاشمی رفسنجانی، تهران، نشر معارف انقلاب، چاپخانه مرکز انقلاب اسلامی- معین، ۱۳۸۸.

## سییەم: سەرچاوە عەرەبیەکان:

٤٧-طالبانی، مکرم: مراحل تطور الحرکه القومیه الکردیه، مسیره الحرکه التحرریه الکردیه، الکرستان العراق، السلیمانیه، مؤسسه حمدی للطباعه و النشر، المجلد الثانی، ۲۰۱۰.

٤٨-علی، هادی: الشعب الکردی و السیاسات الدولیه فی القرن العشرین کوردستان نموذجأ، دراسه تحلیلیه ناقده، انتشارات روشنبیر، مطبعه سیما، سلیمانیه، ۲۰۰۸.

## چوارەم: چاوپێکەوتن:

٤٩-چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ، لوقمان عبدالقادر محمد، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجەیە و یەکێکە لەو بریندارانەی کە لە ئێرانەوە نێردراوە بۆ ئەڵمانیا و ماوەی ٤٠ رۆژ لەو وڵاتە چارەسەری بۆکراوە. لە ۲۹/ ۳/ ۲۰۱۹ لە شاری هەڵەبجە چاوپیکەوتنی لەگەڵ کراوە.

## پێنجەم: سایتی ئەلیکترۆنی:

٥٠-فیرواباد‌ی، محمد علی: چرا دیکتاتور عراق علیه ملت خودش جنایت کرد؟ سایت دیپلماسی ایرانی، تاریخ انتشار ٢٤ اسفند ۱۳۹٦. به نقل از مجله المانی اشپیگل، شماره ١٤ سال ۱۹۸۸. http://irdiplomacy.ir/fa/news %

٥١-مرشدی، ارسلان: حلبچه قربانی تسلیحات شیمیایی، سایت تاریخ ایرانی، http://www.tarikhirani.ir/Modules/News/Phtml/News.PrintVersion.Html.php

٥٢-باستانی، حسین: اسناد همراهی امریکا با حملات شیمیایی عراق علیه ایران. سایت بی بی سی فارسی، تاریخ انتشار ۲۸ ژوئن ۲۰۱۷/ ۷ تیر ۱۳۹٦.http://www.bbc.com/persian/iran-

٥٣-باشگاه خبرنگاران جوان: شهیدی که از لحظات بمباران شیمیایی حلبچه عکس های بدیعی گرفت، گروه فرهنگی باشگاه خبرنگاران جوان حوزه قران و عترت، تاریخ انتشار ۹ اردیبهشت ۱۳۹٦. https://www.yjc.ir/fa/news/

٥٤-باشگاه خبرنگاران جوان: ناگفته های بازجویی صدام، گروه وبگردی باشگاه خبرنگاران جوان، تاریخ انتشار ٥ دی ١٣٩٥. https://www.yjc.ir/fa/news/

٥٥-باشگاه خبرنگاران: وسیع ترین حمله شیمیایی بعد از جنگ جهانی اول، گروه ویژه نامه دفاع مقدس باشگاه خبرنگاران، تاریخ انتشار ٦ مهر ١٣٩٢. https://www.yjc.ir/fa/news

## بەڵگەنامەی ژمارە (١)

## وەرگیراوە لە: محمد ئەمین: ٢٠١٤، ٤٠٣

بەلاغی هاوبەشی کۆبونەوەی
١٩٨١/١١/٢

لەرۆژی ١٩٨١/١١/٢ دا وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق بە سەروکایەتی هەڤال ادریس بارزانی و وەفدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەروکایەتی هەڤال مام جەلال کۆبونەوەی هاوبەشیان کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان و دارشتنی بنچینەو رێو شوێنی پەیوەندی دوستانەو هاوکاری نێوانیان روو لە کۆکردنەوەو یەکخستنی هەمو هێزو توانای گەل و ولاتەکەمان بۆ روخاندنی رژێمی بەعسی عەفلەقی لە عیراق دا و مسوگەر کردنی مافە رەواکانی گەلەکەمان .

میوانداری کردنی کۆماری ئیسلامی ئیران لە هەردوو وەفدەکە و پشتەوانی کردنی لە یەکێتی هێزە شۆرشگێرەکانی گەلەکەمان و خوشحالی ودەوری ئیجابیان لە پێکهاتنی پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان مایەی سوپاس و ریز لی نانە .

لەم کۆبونەوەگرنگەدا وەفدی هەردوولا یەکیانی پەرزی هەست کردن بە مەسئولیەت و بە راشکاوی لە مەسەلە گرنگەکانی کوردستان و عیراق و ناوچەکە دوان ، پەر لە هەموویان پێویستی یەکخستنی هێزە شۆرشگێرەکانی کوردستانی – عیراق و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی فراوانی عیراق و کوتایی هێنان بە جەنگی ناڕەوای عیراق دژی کۆماری ئیسلامی ئیران بە روخاندنی رژێمی فاشی عیراق و ئەرکەکانی ئەمروی خەبات و مافی رەوای گەلی کورد .

لە ئەنجامی گفتوگوی برایانەو دلسوزانەدا پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکهاتن لەسەر :

١- هەولی تەواو و بەردەوام بۆ یەکخستنی هەمو توانای هەر دولا بەرەو روخاندنی رژێمی بەعسی عەفلەقی عیراق .

٢- دابین کردنی ئازادی چالاکی سیاسی ، عەسکەری وریکخراوەیی هەردولا لە هەمو ناوچەکانی کوردستانی عیراق بۆ گەشە پێدانی خەبات .

٣- وەستاندنی چالاکی راگەیاندنی هەردولا لە دژی یەکتر ، چە چالاکی راستەوخو بێت یا ناراستەوخو .

٤- رێگە گرتن لە شەری برا کوژی و حەرام کردنی .

هەروەها ریکەوتنیکی هەمەلایەنەی سیاسی ، عەسکەری ، ئیعلامی دوو قولی مور کراو کومیتەیەکی بەرز لە سەرکردایەتی هەردو لا دیاری کرا بۆ دانانی ری و شوێنی جێبەجێ کردنی ریکەوتنەکەو گەشە پێدانی پەیوەندی نێوانیان .

جەماوەری خەلکی کوردستان

تێکۆشەرو پێشمەرگە قارەمانەکان

ئێمە ئاکوکی ناوچوالەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان بەگشتی ، ئێمەو ئاکوکی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە تایبەتی خزمەتی کاریگەرو گرینگی گەورە بۆ لە رێگەی گەشە کردن و بۆ پێشەوە چونی جولانەوەی گەلەکەمان . لە رێگەی کۆکردنەوەو یەکخستنی پەنی هێزە فراوانی کۆمەلانی خەلکی کوردستان پێکهاتن و هاوکاریمان با پێیەکی گرنگ و شوێنەواری کاریگەر لەو بوارەدا ئەدا تەوە . دوستت و

جەلال تالەبانی ادریس بارزانی

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢)
## دانانی مقدم بە فەرماندەی سەربازی هەڵەبجە

بسم الله الرحمن الرحيم

برادر عزيز    مقدم فرماندهی محترم تیپ ۷۵ ظفر

بدین‌وسیله شما را به پیشنهاد برادر ذوالقدر به فرماندهی نظامی منطقه عمومی حلبچه (منطقه مقدس محمدی) شامل شهرهای حلبچه-دوجیله - خرمال و طویله و بیاره نصب می‌کنم. امید است که با تمام قدرت و با توکل بر خداوند متعال نکات زیر را اجرا کنید و کلیه یگان‌های سپاه و ارتش و نیروهای دولتی همه بدون چون و چرا موظف هستند که از شما و مأموران منصوب شما تبعیت کنند:

١.هیچ‌کس حق تعرض به اموال مردم را ندارد و در صورت تخلف طبق قوانین شرع مقدس اسلام  معامله خواهد شد.

٢.هیچ‌کس حق اهانت، بی‌احترامی و انتقام از کس دیگر را ندارد و باید بدانند در این سرزمین مقدس محمدی هر نوع ظلمی عقوبت دنیائی و اخروی داشته است.

٣.کلیه مردم را به محل‌های امن منتقل کنید و تمام امکانات یگان‌های زمینی سپاه بایستی در اختیار این امر مهم اسلامی و انسانی قرار گیرد.

٤.در این نبرد که می‌بایستی با تلفات سنگین به پایان می‌رسید، الحمدلله با کمترین تلفات پیروزی عظیمی که هدیه الهی بود نصیب ما شده؛ لذا طبیعی است که ممکن است با توجه به فرار نظامی‌های عراق به میان مردم، تخلفاتی از سوی رزمندگان به‌دلیل عدم شناخت اشخاص صورت گرفته باشد. هرکس چنین اشتباهی را مرتکب شده بایستی به هر طریقی که شده جبران کند.

فرماندهی کل سپاه پاسداران انقلاب اسلامی

امضاء محسن رضایی ٢٧ /١٢ /٦٦

٪- ٪/http://defamoghaddas.ir/fa/news

اصل این سند با شماره ۵۲۷۸۸۷ در گنجینه اسناد مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس به ثبت رسیده و نگهداری می‌شود.



وێنەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی هەڵەبجە

وەرگیراوە لە ئەرشیفی: لوقمان احمد عبدالقادر: سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە




وێنەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی هەڵەبجە

وەرگیراوە لە ئەرشیفی: لوقمان احمد عبدالقادر: سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە



## Abstract

After The Success of the Iranian Revolution in 1979 and establishment of the Islamic Republic of Iran. That country faced many international and internal issues. At the same time, the Islamic Republic of Iran and new government had significant impact on the rise of the Kurdish liberation movement in southern Kurdistan. After the deterioration of relations between Iraq and Iran, started armed conflict between both of countries (1980-1988). The Islamic Republic of Iran tried to coordinate relations with political personalities and parties in Iraq against Ba'ath Party of Iraq. Also, Iran was ready to support all parties against the Baath and exploit them to serve specific Iran interests. Political Kurdish parties in southern Kurdistan were among the parties which Iran tried to exploit them. Iran executed this policy when transferred fighting fronts from south of iraq to north after first half of war. For that purpose Iran try to finish local conflict between Kurdish parties. That is why; party and union were signed peaceful agreement by Iranian in Tehran in 1886. After that Iran tried to enforce common activity along with Kurdish Peshmarga against Iraqi government. In famous activity was attacked Halabja. This activity was known as Fajr 10. In return, the Iraqi government responded to this joint process and
The Iraqi fighter planes carried out the chemical bombing of Halabja. iran played vital role to spread halabja genocide . For that purpose, foreign and local journalists were invited by Iranian government. That is why,
iran could successfully show halabja crime as an international crime.

that is why, we believe that we chose important topic which is carried out under tittle (the role and aim of iran in the internationalization of Halabja Chemical Attack. this research include introduction with two section and conclusion. in the introduction, revolution of Islamic Iran and the fighting between iraq and iran was showed. First section is dedicated to transfer fighting fronts from south to Kurdish regions and the role of Iran to unify Kurdish forces against iraq. This section is divided into tow branch. The first is dedicated to transfer fighting fronts and others are dedicated to unify Kurdish forces. Second section is dedicated to halabja crime and the role of Iran in the internationalization of Halabja Chemical Attack. This section is divided into three branches. First is dedicated to common attack between Kurdish Peshmarga and Iranian army for invading Halabja. Second is dedicated to Halabja Chemical Attack. The last branch is dedicated to the role and aim of Iran in the internationalization of Halabja Chemical Attack. In the final of this research, we reach some points that are mentioned as a conclusion.